

# دۆخی کارکردن لە پارێزگا ئازادکراوەکان لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش

## لێکۆڵینەوەک لە پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکوک، سەڵاحەدین، دیالە و ئەنبار

2020


ناوەندی زانیاری بۆ لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان

بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی



بە سپۆنسەریی ناوەندی هەماهەنگی (مرکز التضامن)

پێشەکی
پوختەی جێبەجێکاری
ئەنجامە سەرەکییەکان
سەرچاوە بەردەستەکان بۆ چاککردنی دۆخی کرێکاران
ڕاسپاردەی گشتییەکان
بواری لێکۆڵینەوە و مەبەستەکەی
بوار
ئامانج لە لێکۆڵینەوە
چوارچێوە و ڕێباز (مەنهەجییەت)
ڕێبازی فرەشێوەیی
مەشق و پەرەپێدانی کەرەستە توێژینەوەییەکان
هەڵبژاردنی شوێنکار و کرێکاران
ئاستەنگ و کۆتەکان و ڕێگەچارەیان
ئەنجامە سەرەکییەکان
یەکەم: کاری زۆرەملێ و نیشانەکانی
1-1 قۆستنەوەی لاوازی
1-2 خەڵەتاندن لەسەر خستنەسەرکار
1-3 ئەو کۆتانەی خەڵکی پێ دەبەسترێتەوە
1-4 دابڕان
1-5 توندوتیژی و دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسی
1-6 کارکردن لەژێر هەڕەشەی سزادا
1-7 دەستبەسەرداگرتنی بەڵگەنامە کەسییەکانی کرێکارەکان
1-8 دەستگرتن بەسەر مووچەدا
1-9 دیلی قەرز
1-10 بارودۆخی خراپی کارکردن
دووەم: جیاکاری لە بەکارهێنان و پیشەدا
سێیەم: کارپێکردنی منداڵان و نەوجەوانان
چوارەم: ماف و ئازادییە سەندیکاییەکان و مافی دانوستانی بە کۆمەڵ
پێنجەم: سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی
شەشەم: بیمەی کۆمەڵایەتی
ئەنجامگری conclusions
ڕاسپاردەکان recommendation

# پێشەکی

چینی کرێکار لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بە پشت و پەنا دادەنرێت و دەوڵەتانیش کردوویانن بە خاڵی گەشەپێدانی ئێستایان و بنیاتنانی داهاتوویان. کرێکاران کۆڵەکەی گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتین. بۆیە دەوڵەت لە کۆمەڵگەی عێراقیدا گرنگییەکی تایبەت دەدات بەم چینە کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن و ئەم دۆخەیش بە بەردەوامی لە زیادبووندایە. پێویستە حکومەت هەموو ڕێکارەکانی کەشی گونجاو بۆ دروستکردنی ژینگەی دروست بۆ کارکردن دابین بکات، کە تێیدا گرنگی بە جێبەجێکردنی یاساکان و ڕێکخستنە تایبەتەکانی کرێکاران بدرێت.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی فەرمانگەی کار و مەشقی پیشەییەوە هەوڵی ئامادەکردنی گشت دۆخێکی گونجاو بۆ جێبەجێبوونی یاسای کار دەدات، هەروەها هەوڵ بۆ گشتاندنی کرێکاران دەدات لە گەیشتن بەو مافانەی کە یاسا بۆی دیاری کردوون. ئەم لێکۆڵینەوەیەیش هۆکار و سەرچاوەیەک دەبێت بۆ چاودێران لە بەشی چاودێریی کاری سەربە فەرمانگەی کار و مەشقی پیشەیی، تا لە ڕێگەیەوە بەندەکانی یاسای کار جێبەجێ ببێت و دادوەرانە بێت لەگەڵ چینی کرێکاران.

لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە کار و بەشداری ماندوو بوونە، وەزارەتەکەیشمان لەوپەڕی ئامادەییدایە بۆ جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە... خودا یار بێت.

ڕائید جەبار ناهیز (رائد جبار ناهض)

بەڕێوەبەری گشتی

فەرمانگەی کار و مەشقی پیشەیی

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

## پوختەی جێبەجێکاری


مافەکانی کرێکار پایەیەکی بنچینەییە لە ڕۆشنبیریی مافەکانی مرۆڤ و گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەردەوامدا، ئەمەیش بەهۆی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێگاکانی بژێویی کرێکار و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەکان و بنەماکانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی. هێزی ئەم مافانە، کە بە چوارچێوە یاسایی و دەزگا جێبەجێکارەکانییەوە دەپێورێت، بە توندی پەیوەستە بە هێزی سەروەریی یاسا و سیستمی دیموکراسی و پابەندیی گشتی بە دادگەریی کۆمەڵایەتییەوە. ڕوانین لە وێنەی مافەکانی مرۆڤ بە کارێکی زۆر گرنگ دادەنرێت بەتایبەتی لە ژینگەکانی پاش ململانێ، کە تێیاندا کۆمەڵگە دەکۆشێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و حکومەتەکانیش جەخت لە دەسەڵاتەکەیان دەکەنەوە. ئەم جۆرە توێژینەوانە گرنگن بۆ حکومەت، کرێکاران، خاوەنکاران و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گەشەدان بە ستراتیژگەلی گشتی و هەمیشەیی و کاریگەر بۆ داهاتوو.

ئەم توێژینەوەیە لە بارودۆخی ئێستای کار لە پێنج پارێزگای عێراقدا دەکۆڵێتەوە، کە گیرۆدەی داگیرکاریی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوونە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە ئامانج کرێکارانی بواری بینا و بیناسازی لە پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکوک، دیالە، نەینەوا و سەڵاحەدین وەکو نموونە وەرگیراون، تاوەکو دۆخ و مەرجەکانی کاریان بەراورد بکرێت بە چوارچێوەی یاسا نیشتیمانییەکەوە کە خۆی لە یاسای کاری[1] کارپێکراوی ژمارە 37ی ساڵی 2015 و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیی کرێکاران[2] بە ژمارە 39ی ساڵی 1971دا دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا یاسای کاری ساڵی 2015 ی عێراق، نموونەیەکە لە ناوچەکەدا کە لەگەڵ بنەماکانی ڕێنمایی کاری نێودەوڵەتی کۆکە و لەخۆگریی ڕای سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە لە بواری کارکردندا کار دەکەن. لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا یاساکە گیرۆدەی سستی و لاوازییە لە جێبەجێکردندا بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی حکوومەتی لەو پارێزگایانەدا کە ڕێکخراوی داعش لە 2014 بۆ 2017 داگیری کردبوون.

نەخشەی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتی دەبێت لە شیکردنەوەی چوار پێوەرە سەرەکییەکەی[3] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، کە خۆی دەبینێتەوە لە 1- نەهێشتنی کاری زۆرەملێ و 2- نەهێشتنی جیاکاری لە دامەزراندن و پیشەیی بوندا و 3- ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازە خراپەکانی کارپێکردنی منداڵ و 4- ماف و ئازادییە سەندیکاییەکان و مافی دانوستانی بەکۆمەڵ. هەروەها توێژینەوەکە شیکردنەوە بۆ هەلومەرج و دۆخەکانی تری کارکردنی پەیوەست بە 5- سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی و 6- بیمەی کۆمەڵایەتی کە پێشتر لەم ناوچانەدا کاری لەسەر کراوە، چونکە ئاماژە هەبووە لەسەر پێشێلکردنی ئەم خاڵانە لەم پێنج پارێزگایەدا. پاشان کەرتی بینا و بیناسازی هەڵبژێردرا بۆ لێکۆڵینەوە چونکە ڕووخان و وێرانبوونێکی زۆر هاتبووە ئاراوە بەهۆی داگیرکاری و پرۆسەکانی ئازادکردنەوە و کاریگەریی لە ژێرخانی ئابووری کردبوو، هەر ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم کەرتە ببێتە بەشێکی گرنگی ئابووریی ئەو ناوچانە. ڕێکارەکانی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی لەم کەرتەدا بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگن و پێوەرێکن بۆ دەستنیشانکردن و تۆماری کێشە هەنووکەییەکانی ڕێکارەکانی تریش.

ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی ڕاسپاردەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراقییە بۆ باشتر جێبەجێبوونی یاسای کار و هاتنەئارای بارودۆخی کاریی گونجاو لە عێراقدا، ئەمەیش بە هاوکاری لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران و ڕێکخراوە نیشتیمانی و بیانییەکانی تایبەت بە کارکردن. هەروەک ئەم توێژینەوەیە هاوکارە بۆ هەوڵەکانی فەرمانگەی کار و مەشقی پیشەیی سەربە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ پەروەپێشبردنی تواناکانی دەزگای بەدواداچوون، وە لە هەڵمەتێکی فراوانی بەدواداچووندا پێشێلکارییەکانی بواری کار دەستنیشان بکەن. هەروەها ڕاوێژ و ڕێنمایی بۆ کرێکاران و خاوەنکاران سەبارەت بە میکانیزمی جێبەجێکردنی یاسای کار بهێننە ئاراوە و، ڕێکارە یاساییە پێویستەکان و ڕێکارەکانی دژی سەرپێچیکاران بگرنە بەر تا ئاراستەی کار لە عێراقدا ڕێک بخەنەوە.


---

[1] http://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx?page=1&SC=020220164139899&fbclid=IwAR2iklItggxTNNAm-yOrtiBIyz332bN65VblCkxRTaMnTGrPiaxZ4vYxhgQ

[2] http://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx?SC=051220057043026&fbclid=IwAR1cQE2Ur2kATF7rUI6PlQmfDZrZ2Pr46CCwacB5TZ7M_dirr1uOL6pa0Lg

[3] https://www.ilo.org/global/standards/introduction-to-international-labour-standards/conventions-and-recommendations/lang--en/index.htm

## ئەنجامە سەرەکییەکان

بە پشتبەستن بە زانیارییە دەستکەوتووەکان لە ئەنجامی چاوپێکەتن لەگەڵ کرێکاراندا کە بە زانیاری و لەلایەن پسپۆڕانەوە لە تیمی سەرپەرشتیی توێژینەوەکەوە تۆمار و تەواو کراون (کە نوێنەرانی فەرمانگەی بەدواداچوونی کار و سەندیکا و یەکێتییەکانی خاوەنکارانیش لەخۆ دەگرێت)، لە ئەنجامدا، توێژینەوەکە بەم خاڵانە گەیشتووە:

1. بیمە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆگری کرێکاران نین و کرێکارانیش هۆشیارییان لەبارەی ئامانجەکانی بیمەی کۆمەڵایەتییەوە لاوازە، نموونەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن 88.18% ی کرێکاران بیمەیان نییە، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر پاراستنی کۆمەڵایەتی ئێستا و داهاتوویشیان هەیە، سەرەڕای ئەمە 65.25%ی کرێکاران هیچ شتێک دەربارەی بیمەی کۆمەڵایەتی و یاسا تایبەتەکانییەوە نازانن.
2. نەبوونی ڕێکخراوی کرێکاران (سەندیکای کرێکاران) لە هەموو ئەو شوێنکارانەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە لەو پێنج پارێزگایەدا، نزیکەی هەموو کرێکاران واتە (94.71%) ئەندام نین لە هیچ سەندیکایەکدا، ڕێژەی 64.30%یشیان لە ڕابردوودا بوون بە ئەندامیان ڕەت کردووەتەوە، هۆکاری ئەم کارەیش بێدەربەستیی کرێکاران خۆیان یان نەبوونی زانیاری بووە لەسەر ڕۆڵەکانی سەندیکاکانی کرێکاران. ڕێژەی 77.53% لە کرێکاران مافەکانی خۆیان لە دانوستانی بە کۆمەڵدا نازانن. لە هەندێ حاڵەتی کەمیشدا هەبوونی کۆت لەسەر ئازادییەکانی سەندیکا بەرچاو دەکەوێت.
3. نەبوونی ڕێککەوتنی کاریی بەکۆمەڵی واژۆکراو لە نێوان کرێکاران یان سەندیکاکان لە لایەک لەگەڵ خاوەنکاران لە کەرتی بینا و بیناسازی لە لایەکی ترەوە، لە کاتێکدا برگەی چاودێری لە یاسای کاردا ڕێگە بەو دانوستانە دەدات. هەر ڕێککەوتن و دانووستانێکیش هەبووبێت لە شوێنکارەکاندا، بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە گشت مافەکانی کرێکارانی لەخۆ نەگرتووە و نەبوونەتە ڕێککەوتننامەی نووسراو کە پابەندیی هەبێت، بەڵکو زۆربەی حاڵەتەکان ڕێککەوتنی زارەکی بوونە کە دواتر خاوەنکار پێیانەوە پابەند نەبووە.
4. ئاماژەگەلی بەهێز هەن لەسەر هەبوونی کاری زۆرەملێ، ڕێژەی 44.57%ی کرێکاران باسیان لە زێدەڕۆیی لە سەعاتگەلی زیادەی کار کردووە و 37.86%یش جەختیان کردووەتەوە کە خراپیی دۆخی ئابووریيان لەلایەن خاوەنکارانەوە قۆستراوەتەوە، ئەمەیش لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ هەبوونی «خراپ بەکارهێنانی لاوازی». ئەم ئاماژانەیش خوازیاری ئەوەن کە چاودێرانی کار ڕێکاری بەدواداچوون و چاوپێکەوتن بگرنە بەر بۆ ئەم مەبەستە.
5. ئاستێکی بەرزی گوێنەدان بە پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی لە زۆربەی شوێنکارەکاندا بینراوە، ڕێژەی 87.91%ی نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە پشکنینی پزیشکیی سەرەتایی یان خولییان بۆ نەکراوە بۆ زانینی باری تەندروستی و گونجاویی دۆخی جەستەیی و هۆشییان بۆ ئەو کارانەی کە پێیان ڕاسپێردراوە. توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لە ژمارەیەک لە شوێنکارەکاندا بەرپرسی سەلامەتی یان لیژنەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی بوونیان نییە لەو پارێزگایانەدا، تەنانەت سیستەم و پرۆگرامی سەلامەتیی پیشەیی پسپۆڕییان نییە.
6. ئاماژەی هەبوونی کرێکاری منداڵ بە چڕی لە پارێزگای نەینەوا، جەخت لەسەر هەمان ئەو مەترسیانە دەکاتەوە کە سەندیکای کرێکارانی پارێزگای نەینەوا لە چەند بۆنەیەکدا باسیان کردوون،
7. ملکەچ نەبوون و ناپابەندی بە یاسای کاری بنەڕەتی بەشێوازێکی بەرچاو، لە کاتژمێرەکانی کارکردن و ڕۆژەکانی پشووی هەفتانە و بۆنەکان و مۆڵەتی ساڵانە و نەخۆشی کە بە یاسا چەسپاون و پاداشت و کرێی چەسپاوە و نابێت ببڕدرێت. ئەم پابەندنەبوونە پێشێلکارییەکی فراوانە لە مافەکانی کرێکاراندا. ئەوانەی کە بەشداریی ڕاپرسییەکانی ئەم توێژینەوەیەیان کردووە، 80%یان کرێی ڕۆژە پشووی هەفتانەیان وەرناگرن لە کۆتایی هەفتەدا، ئەمەیش پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسایە.

زۆربەی پێشێلکارییە بینراوەکان بەگوێرەی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی میکانیزمی جێبەجێکردنی یاساکانی پاراستنی مافی کرێکاران لە ماوەیەکی فراوانی ناوچە ئازادکراوەکاندا. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو ناوچانەی

وڵات بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێکی نائەمنییەوە ئێستا لە قۆناغی دووبارە بنیاتنانەوەدایە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە کرێکاران ناچارن و بژاردەی تریان نییە جێگرەوەی دۆخی نایاسایی کار بێت بۆیان، ئەویش بەهۆی لێواری هەژاری و بێکاری لەو ناوچانەدا. وەبەرهێنانی ئابووری پێویستە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بە یاسای کارەوە. لە کۆتاییشدا، ئەم دۆخە ئاماژەیە بۆ خاڵی لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە دیاریکراویش بزوتنەوە کرێکارییەکان.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هەلێکە بۆ سەندیکاکانی ئەم ناوچانە کە لەم دواییانەدا سەرلەنوێ دامەزراونەتەوە، تاوەکو لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ خاوەنکاران بۆ چارەسەری پێشێلکارییەکان، هەروەها لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ کرێکاران بۆ ڕۆشنبیرکردنیان لەبارەی مافەکانیانەوە، لە کاتێکدا بەشداربوونی عێراق لە ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار بە ژمارە 87ی ساڵی 1948 کە تایبەتە بە ئازادییەکانی سەندیکا و مافی ڕێکخستنی سەندیکایی، هەروەها دانانی یاسای کاری ساڵی 2015، ئەم دووە بەیەکەوە هەلی باشن لەبەردەم سەندیکاکاندا تاوەکو لەگەڵ کرێکاراندا هەماهەنگ بن بۆ پتەوکردنی مافەکانیان و پاراستنیان.

## سەرچاوە بەردەستەکان بۆ چاککردنی دۆخی کرێکاران

سەرچاوەگەلێک هەن کە بەردەستن بۆ باشترکردنی دۆخی کرێکاران لە عێراقدا بە گشتی و لە ناوچەکانی بازنەی ئەم توێژینەوەیەیشدا بە تایبەتی، کە خۆ دەبیننەوە لە:

1. هەبوونی دەزگای بەدواداچوونی کار ی حکوومی کە ڕاهێنراون لەسەر یاسای کار و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاساکەیشیان هەیە.
2. هەبوونی ڕێکخراوگەلی سەندیکایی کە لە چوارچێوەی باشی یاساییدا بە ئازادی کاری خۆیان دەکەن.
3. هەبوونی یاسای کاری کارا، کە یەکێکە لە یاسا هەرە باشەکانی جیهانی عەرەبی، ئەویش بە لەخۆگرتنی پارێزگاریی باشی یاسایی بۆ کرێکاران کە لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کاردا یەک دەگرێتەوە.
4. هەبوونی ژمارەیەک ڕێکخراوی نیشتیمانی و بیانی کە گرنگی بە کار و کرێکاران دەدەن لە عێراقدا و لە پێشی هەموویشیانەوە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار.
5. هەبوونی چوارچێوەی یاسایی بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا، ئەگەرچی پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، بەڵام لایەنی کەم بیمەی تەندروستی و خانەنشینی بۆ کرێکاران دابین دەکات.

## ڕاسپاردە گشتییەکان

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ڕاسپاردە پێشنیاز دەکات لەسەر بنەمای چاوپێکەوتن و ئەنجامە دەستکەوتووەکانن، هەروەها ڕەچاوی ئەو سەرچاوانەیشی.کردووە کە لە سەرەوە باسمان کرد. جا لەبەر ئەوەی چوارچێوەی یاسایی و دەزگای پەیوەستی وەکو سەندیکاکان و دەزگای پشکنەر بوونیان هەیە، بۆیە پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ بەکارهێنانی تەواوی سەرچاوەکان لە پێناو باشترکردنی دۆخی کار لە عێراقدا.

1. فراوانکردن و چڕکردنی کارەکانی پشکنەر و بەهێزکردنی لێهاتوویی و زانیارییەکانی چاودێران و زیادکردنی سەرچاوە دابینکراوەکان بۆ بەدواداچوونی کار و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ ئاسانکردنی کارەکانی چاودێری و پاراستن و زەخیرەی فایلەکان.
2. فراوانکردنی هاوکاریی و هەماهەنگییەکانی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەندیکا کرێکاری و ڕێکخراوەکانی خاوەنکارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چاودێری دۆخی کار بەشێوەیەکی کاراتر و دەستەبەر و دڵنیایی لە پەیڕەوبوونی یاسا پەیوەستەکان لە ڕێگەی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و دەنووستانی

بەکۆمەڵ.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ کرێکاران و خاوەنکاران لە شوێنکارەکاندا سەبارەت بە یاسا کاراکانی کار و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی.
4. دەستەبەری پێوەرەکانی کار لە هەر وەبەرهێنان یان گرێبەست یان راسپاردنێک کە خاوەن بەرژەوەندییەک لە خۆ دەگرێت لە لایەن حکوومەتەوە و هەبوونی سەردانی بە مەبەستی چاودێری و بەدواداچوون بۆ دڵنیابوون لە پێڕەوبوونی یاساکان.
5. دانانی میکانیزمی نوێ لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ سکاڵای کرێکاران بە شێوازێکی چالاکتر و خێراتر.

## بواری توێژینەوە و ئامانج لێی

### بوار

یاسای کاری ژمارە 37ی ساڵی 2016 لە مانگی شوباتی 2016 چووە بواری جێبەجێکردنەوە. دەرچوونی ئەم یاسایە لە پرۆسەیەکی تەشریعیی گشتگیر و شەفافدا بوو، کە لە خۆگری سەندیکاکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی پەرلەمانی عێراق کار دەکەن، بۆ ئەوەی بگەن بە یاسایەک لەگەڵ رێککەوتننامەی رێکخراوی نێودەوڵەتیی کاردا بگونجێت. پەسەندکردنی یاساکە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ بزوتنەوە کرێکاری و دیموکراسییەکان، هەروەها سەرکەوتنێک بوو بۆ خودی یاساکەیش کە بواری لەخۆگریی فراوانتر بوو و بەم چەشنە یاسای کار هەموو ئەو کرێکارانەیشی-گرتەوە کە یاسای خزمەتگوزاریی مەدەنی نەیدەگرتنەوە، هەروەک فراوانکردنی بازنەی مافی کرێکاران بوو بە شێوازێکی بەرچاو. لەگەڵ ئەمەیشدا چەقبەستوویی ئابووری لە عێراقدا واتای لاوازی لە جێبەجێکردنی یاساکەی ساڵی 2015 دەگەیەنێت. لەوەیە جێبەجێکردنی یاسای کاری عێراقیی ساڵی 2015 هەلێک بێت بۆ کەرتی تایبەت تا هەلی کاری باشتر بهێنێتە ئاراوە بۆ کێشکردنی کرێکارە خوێندەوارەکان. بە شێوازێکی گشتی، عێراقییەکان -بەتایبەتی کارمەندە ئافرەتەکان- حەزیان لە کارکردنە لە کەرتی گشتیدا تاوەکو کەرتی تایبەت، ئەمەیش بەهۆی مووچە و تایبەتمەندی و پارێزراویی پیشە و بیمەی خانەنشینییە کە کەرتی گشتی لەچاو کەرتی تایبەتدا دەیبەخشێتە کرێکار و کارمەندانی. لەگەڵ ئەمەیشدا، بە نزمبوونەوەی نرخی نەوت و زۆربوونی چینی گەنجانی کاروێست (60%ی دانیشتووانی عێراق تەمەنیان لە خواری 25 ساڵانەوەیە[4])، بەڵام هێشتا عێراق توانای دروستکردنی هەلی کاری پێویستی نییە.

جێبەجێکردنی یاسای کار لەو پێنج پارێزگا ئازادکراوەدا رووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ دەبێتەوە، لەوانەیش؛ دۆخی ئەمنی، سنووردارێی جێبەجێکردنی پرۆسەی چاودێری و بەدواداچوونی فراوان بۆ کار، کە بتوانێت ناوەندی پارێزگا گەورەکان تێپەڕێنێت تا قەزا و ناحیەکانیش بگرێتەوە، هۆکاری ئەمەیش کەمی پشتگیریی لۆجیستییە. هەمان کێشە کە نەبوونی داهات و سەرچاوەیە، بۆ سەندیکاکانیش ئاستەنگی دروست کردووە کاتێک دەیانەوێت هەڵمەتێکی هۆشیاریی گەورە ئەنجام بدەن یان پێشێلکارییەکان تۆمار بکەن.

هێرشی داعش لە ساڵی 2014 و پاشانیش ئازادکردنی ژمارەیەک شوێنی پارێزگاکانی ئەنبار و دیالە و کەرکووک و نەینەوا و سەلاحەدین، ئەم رووداوانە بوونە هۆی رووخانی ژێرخانی ئابووری و ژمارەیەک ماڵ و پرۆژەی کاری جیاواز لە قەبارە و کەرتدا، ئەم کارەساتانە لە ساڵانی 2014 بۆ 2016 ئەزمەی ئاوارەبوونێکی فراوانیشی- هاتە سەر کە دواتر پاش نەمانی کردە سەربازییەکان بە کەمی و هێواشی گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

[4] البنك الدولي يحذر العراق من أزمة عمل ضخمة، تقرير منشور في الرابط التالي: https://bit.ly/38oMm4g

ئاوارەكان ڕووبەڕووی زۆر سەختی بوونەوە، ماڵ و تەلار و کۆگاکانیان بەهۆی داگیرکارییەکانی داعشەوە لەدەست دا، زۆربەیان لە ماوەی ئاوارەییاندا كارێكی جێگیریان دەست نەكەوتووە، بەگوێرەی ئامارەكانی بانكی نێودەوڵەتی[5] تێکرای ڕێژەی بێكاری لە سەروبەندی ئازادكردنی ئەو شارانەدا گەیشتووەتە 17.7% و ڕێژەی كەمكارییش 9.7% بووە. پارێزگای ئەنباریش زۆرترین زیانی بەركەوتووە كە ڕێژەی بێكاری تێیدا 33.6% بووە و كەمكارییش 9.8% بووە، لە دیالەیش بێكاری 20.7% و كەمكاری 16.2%، ئەمە لە كاتێكدا ناوچەیەكی زۆری ئەو پارێزگایانە بەهۆی ڕێكار و ئاستەنگە ئەمنییە بەردەوامەكانەوە نەتوانراوە ئاماری پێویست وەبگیردرێت. (غيداء كمبش)ی پەرلەمانتاری پەرلەمانی عێراق لە ڕوونكردنەوەیەكی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت ڕێژەی بێكاری دەگاتە 40%[6]. ئامارەكانیش[7] ئاماژە بەوە دەكەن ڕێژەی هەژاری لە ناوچە ئازادكراوەكاندا دەگاتە 41.2%، لە پارێزگاكانی باشووریشدا دەگاتە 30% و لە پارێزگاكانی ناوەڕاستیشدا 23% و لە كوردستانیشدا ڕێژەكە بریتییە لە 12.5%.

كرێكارە گەڕاوەكان بۆ ناوچەكانی خۆیان پێویستییەكی زۆریان بە كاركردن هەیە بە چاوپۆشین لە جۆرەكەی، بۆیە ئامادەن هەر كارێك لە هەر دۆخێكدا قبووڵ بكەن، چونكە تاكە خەمیان بژێویی خێزانەكانیان و پێداویستییەكانیانە، ئەم ڕاستییەیش ئەندامانی سەندیكا كرێكارییەكان لەو ناوچانەدا ددانیان پێدا ناوە. هەروەها ئەم سەندیكا كرێكارییانە ئاگادارن بەو پێشێلكارییە زۆرانەی لە بڕێك لە كەرتەكانی كاردا لەو پارێزگایانە بەرانبەر بە كرێكاران دەكرێت، ئەم پێشێلكارییانەیشی كاتێك بۆ دەركەوتووە كە بە مەبەستی هۆشیاریدان بە كرێكاران سەبارەت بە مافەكانیان سەردانیان كردوون. لەو پێشێلكارییانەیش تۆمارنەبوونی كرێكارانە لە بیمەی كۆمەڵایەتیدا و وەرنەگرتنی مووچەكانیان و كاركردنی سەعاتگەلی زیادە بەبێ قەرەبووی گونجاو و زێدەڕۆیی لە بڕی دیاریكراوی یاسایی ئەو سەعاتە زیادكراوانەدا و دەركردن لە كار بە شێوازێكی نایاسایی و پێشێلكردنی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی. هیچ داتایەكی ڕوون و وردیش لەبارەی ژمارەی كارمەندانی ئەم كەرتەوە بەردەست نییە، بەڵام زۆریی ژمارەی پرۆژەكان لەم پارێزگایەدا نیشانەی زۆریی كرێكارانە. هەروەها هۆكارێكی تری هەڵبژاردنی ئەم كەرتە بۆ توێژینەوە بۆ ئەو ئاڵنگارییانە دەگەڕێتەوە كە پەیوەستن بەم بوار و كەرتەوە.

كەرتی بیناسازی بەهۆی پێویستیی زۆر بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوە وەكو خاوەنكاری گەورەی ئەو پارێزگایانە دەردەكەوێت، هەر ئەمەیش هۆكار بوو كە تیمی ئەم توێژینەوەیە ئەو كەرتە هەڵبژێرێت بۆ لێكۆڵینەوەی.

بە سروشت كارەكان لە بنەمادا نافەرمین و ڕێك نەخراون، كرێكاری كاتی و كرێكاری بەشەكی و كرێكار بە مووچەی ڕۆژانە لە خۆ دەگرن. ڕێكخراوی نێودەوڵەتیی كار كەرتی بینا و بیناسازی بە مەترسیدارترین بواری كاركردن دادەنێت لە هەموو جیهاندا، ئەمەیش لەسەر بنەمای ژمارەی بریندارپووانی سەر كار و نەخۆشییە پیشەییەكان و مردووانەوەیە، ڕێكخراوی نێودەوڵەتیی كار ساڵانە ژمارەی مردووانی ئەم كەرتە بەسەر كارەوە بە 108000 كەس دەخەمڵێنێت، ئەم ژمارەیەیش دەكاتە ڕێژەی 30%ی كارەساتە مرینەرەكانی گشت پیشەكان. داتاكان ئەوە پیشان دەدەن لە هەندێك وڵاتی پیشەسازیدا كرێكارانی ئەم كەرتە سێ بۆ چوار جار زیاتر لە كرێكارانی كەرتەكانی تر ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە بەهۆی ڕووداوی سەر كارەوە. لەوەیە ئەم ڕێژەیە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم (وڵاتانی پێشكەوتوو)دا بگاتە سێ بۆ شەش ئەوەندە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لە كرێكاران ساڵانێك دواتر بەهۆی نەخۆشیی پیشەیی كە لە ئەنجامی بەركەوتن لەگەڵ مادەی زیانبەخشدا تووشیان دەبێت، دەمرن. نموونەی ئەو كەرەستە مەترسیدارانەیش وەكو ئەزبەست. جا بۆیە ڕێكارە تەندروستی و سەلامەتییە پیشەییەكان لەم

---

[5] العـراق .. إعـادة الاعمـار والاسـتثمار، دراسـة أعـدتها مجموعـة البنـك الـدولي منشـورة عـام ٢٠١٨ ، ممكـن الاطـلاع عليهـا عـبر الـرابط التـالي: https://bit.ly/2I8eIoY

[6] 6تصريح صحفي للنائب عن تحالف القوى غيداء كمبش عن اهم التحديات التي تواجه المناطق المحررة من تنظيم )داعش( الإرهابي، ممكن الاطلاع عليه عبرالرابط التالي: https://bit.ly/358zld1

[7] وليـد خـدوري كاتـب وصـحفي، مقـال منشـور في جريـدة الشـرق الأوسـط، في ٤ اذار ٢٠٢٠ ، ممكـن الاطـلاع عليـه عـبر الـرابط التـالي: https://bit.ly/35abqtX

کەرتەدا گرنگیی تایبەتیان هەیە، ئەم کەرتە بوارێکی نموونەییە بۆ تۆمار و یاداشتکردنی کێشەکانی پەیوەست بە گرتنەبەری ڕێکارەکان[8].

پاش ئامادەکردنی توێژینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی کار لە کەرتی بیناسازیی ناوچە ئازادکراوەکان و پێوانی پابەندیی بۆ حوکمەکانی یاسای کار، دەردەکەوێت ئەم کارە زۆر گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی گشتیی دۆخی کار و هەڵسەنگاندنی گوێڕایەڵی و پابەندیی خاوەنکاران بۆ یاسا و، سەرووی ئەمانەیش ئامادەکردنی دەزگای بەدواداچوون و چاودێریی کار بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لەو ناوچانەی کە لێکۆڵینەوەکە دەیانگرێتەوە. فەرمانگەی کار و مەشقی پیشەیی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکۆشێت بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی لە چاودێری کردن و هەستان بە کاری بەدواداچوونی فراوان بۆ تۆماری پێشێلکارییەکان لە گشت کەرتەکانی کاردا و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ کرێکاران و خاوەنکاران سەبارەت بە میکانیزمەکانی جێبەجێبوونی یاسا و گرتنەبەری ڕێکارە یاساییە پێویستەکان دژی سەرپێچیکاران وەکو بەشێک لە کاری ڕێکخستنەوەی گشتیی کار لە عێراقدا.

## مەبەستی توێژینەوەکە

بە کورتی، ئەم توێژینەوەیە لە پێناوی بەدیهاتنی ئەم ئامانجانەیە 1- پشکنینی گوێڕایەڵی بۆ برگەکانی یاسای کاری نیشتیمانی بە جۆرێک کە پشکنەر و چاودێرانی کار وێنەی تەواوی پێشێلکارییەکانی دژ بە کرێکارانیان لەو پێنج پارێزگایەدا لەبەرچاو بێت، کە لەوانەیە ببێتە هۆی باشتر جێبەجێکردنی یاسای کاری ساڵی 2015 و یاساکانی تری پەیوەست بەو بابەتە. 2- دانانی پرەنسیپی کاریی هاوبەش بۆ داهاتوو لە نێوان دەزگاکانی حکومەت لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و سەندیکا کرێکارییەکان و خاوەنکار و ڕێکخراوەکانیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسانی گرنگیدەر بە باسەکانی کار و کرێکاران، ئەمەیش لە پێناوی چاودێریکردنی دۆخ و هەلومەرجی کار و کرێکاران و تۆماری پێشێلکارییەکان و چارەکردنیان. 3- ئامادەکردنی چاودێرانی کار بۆ بەکارهێنانی شێوازی ئەلیکترۆنیی نوێ بۆ جێبەجێکردنی پابەندی بە یاسا کاراکانی کار و خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتییەوە و هەوڵدان بۆ گشتاندنی ئەم ئەزموونەیش بۆ پێشخستنی تواناکانی دەزگای چاودێریی کار لە هەموو عێراقدا.

## چوارچێوە و ڕێباز (مەنهەجییەت)

### ڕێبازی فرەشێوەیی

بۆ شیکردنەوەی دۆخی کار لە کەرتی بیناسازیی پێنج پارێزگا ئازادکراوەکە، ئەم توێژینەوەیە دۆخەکەی بەپێی پێوەرەکانی یاسای کاری ژمارە 37ی ساڵی 2015 و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیی ژمارە 39ی ساڵی 1971 و ڕێککەوتننامە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار کە کۆماری عێراق ددانی پێدا ناوە، پێوانە کردووە.

توێژینەوەکە مەنهەجییەتی فرەشێوەیی گرتووەتە بەر هەر لە دەستپێکدا گەڕاوەتەوە بۆ بەدواداچوونی کتێبخانەیی بۆ یاسای کاری کارای عێراق بۆ پێشخستنی کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە. لە بنەمادا نەخشەی توێژینەوەکە گەڕانەوە بوو بۆ سەرچاوە کتێبخانەییەکان، وەکو ڕاپۆرتەکانی چاودێرانی کار و ڕاپۆرتە نووسراوەکانی سەندیکاکان و ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە کرێکارییەکانی ناوچەکانی توێژینەوەکە، کە ژمارەیان 33 شوێنکارە، بەڵام لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتگەلی وامان دەست نەکەوت نەکەوت، هەروەک چاودێرانی کار و سەندیکاکانیش هیچ ڕاپۆرتێکیان لا نەبوو دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی کرێکاران و لە ڕابردووی ئەو شوێنکارانەدا. ناکرێ ئەمەیش بەوە لێک بدەینەوە کەوا پێشێلکاری لەو شوێنانەدا نەکراوە، بەڵکو هۆکارەکەی تۆمارنەکردنی پێشێلکارییەکانە. جا لەبەرئەوەی توێژینەوەکە بەشێوەی ڕاپرسی و ئامارییە، بۆیە چاوپێکەوتن و دیداری

[8] tp://www2.ilo.org/global/topics/safety-and-health-at-work/areasofwork/hazardous-work/WCMS_356576/lang--en/index.htm

هەرەمەکی لە لایەن کۆکەرەوەی داتاکان لە کاتی سەردانیان بۆ شوێنکارە جیاوازەکان ئەنجام دراوە، کە لای خۆیان بەتێبینی پێشێلکارییەکانیان تۆمار کردووە و، لە هەندێک حاڵەتیشدا لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا پرسیاریان لە کرێکاران کردووە بۆ دڵنیابوونەوە لە دروستیی زانیارییەکان.

پێنج گروپ دروست کران بۆ کاری توێژینەوەکە، هەریەکێکیان پارێزگایەکیان پێ ڕاسپێردرا کە نوێنەریان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (بەشەکانی پشکنینی کار) لەگەڵدا بووە، هەروەها نوێنەرانی سەندیکای کرێکاران و یەکێتییەکانی خاوەنکارانیان یاوەر بووە لەگەڵ پازدە تۆمارکەری داتای پسپۆڕ لە ناوەندی کار بۆ لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان، کە هەر پارێزگایەک پێنج تۆمارکەری بۆ دانرابو وە لە هەر گروپێکیشیاندا تۆمارکەرێکی مێینە بوونی هەبووە.

## مەشق و گەشەپێدانی کەرەستە توێژینەوەییەکان

خولێکی سێ ڕۆژە بۆ پازدە کەسی کۆکەرەوەی داتاکان لەبارەی حوکمەکانی یاسای کاری کارا و بەشداری و بەرپرسیارێتییەکانی خاوەنکاران کە لە یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیی کرێکاران باس کراون، کرایەوە. بەڵام پێویست نەبوو هەمان خول بۆ ئەوانی تر لە ئەندامانی گروپەکان کە چاودێرانی کار و ئەندامانی سەندیکا کرێکارییەکان بوون بکرێتەوە، چونکە پێشتر خولی هاوشێوەیان دیتووە و ئەزموونی باشیشیان هەیە لەم بارەیەوە.

فۆڕمی ڕاپرسی لەلایەن پسپۆڕێکی پێوەرە کارییەکانەوە دانرا، پاشان ناوەڕۆکەکەیشی. لەڕووی بەرچاوڕوونی و پرسیارەکان و هەڵبژاردە وەڵامییەکانەوە لەگەڵ کۆکەرەوەی داتاکان و نوێنەرانی وەزارەتی کار و سەندیکا و یەکێتییەکانەوە تاوتوێ کرا. ئەم گفتوگۆیانەیش بەرهەمدار بوون لەڕووی دەستکاریکردن و چاککردنی کەرەستە تۆمارییەکانی ڕاپرسییەکە و تێبینی و ڕێنمایی زیاتریش بۆ کۆکەرەوانی داتاکان. لە ئەنجامی تاوتوێ و چاککردنەکانیش فۆڕمی ڕاپرسییەکە بە پرۆگرامی ئەلیکترۆنی کرا و لەسەر 15 ئامێری زیرەك دابەزێنرا کە هاوکار بوو بۆ کۆکەرەوانی داتاکان کە بە سیستمی ئەلیکترۆنیی ڕاستەوخۆ زانیارییەکان لە کاتی چاوپێکەوتنیاندا لەگەڵ کرێکاران داخڵ بکەن.

## هەڵبژاردنی شوێنکار و کرێکاران

لەسەرەوە و لە بەشی تایبەت بە بوار باسمان لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی کەرتی بینا و بیناسازی کرد بۆ ئەم توێژینەوەیە، تیمە بەرپرسەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە 33 شوێنکاریان لە هەموو پارێزگا بە ئامانج گیراوەکانیان هەڵبژارد، هەڵبژاردنەکەیش بە پێوەرەکانی قەبارەی پرۆژەکان و ژمارەی کارمەندان و ئەگەری هەبوونی دۆخی نالەباری نانموونەیی بۆ کار بوو، ئەویش بەگوێرەی بەرچاوڕوونییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران و چاودێرانی کار بووە. تیمەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی ناوچەکانی توێژینەوە لە ناوەوە و دەرەوەی شارە سەرەکییەکان بن، ئەویش لەو پێناوەی وێنەیەکی تەواو و گشتگیر لەسەر دۆخ و هەلومەرجی کار و کرێکارانی هەر پارێزگایەک لەبەرچاو بێت. دەرئەنجامی ئەمەیش ئەوە بوو ناوچەی شوێنکارەکان دوو هێند بوونەوە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی توێژینەوەکەدا، لە کاتێکدا سەرەتا و لە نەخشەی پێشنیازکراودا ناوچەی شوێنکارەکان کەمتر بوون. هەروەها نموونەی بەشداربووان لە کرێکاراندا زیادی کرد، ئەمەیش وردیی لە ئەنجامەکاندا دەردەخات و خاڵی بەهێزیشە بۆ دەرکەوتەی پاش شیکاری داتاکان.

کۆی 1059 چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو لەگەڵ کارمەندانی ژن و پیاودا لە ناوچە بە ئامانج کراوەکاندا ئەنجام دراوە. لە چاوپێکەوتنەکاندا تەواوی ڕێنماییەکانی خۆپاریزی لە COVID-19 بۆ هەردوو لا ڕەچاو کراوە. ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجام دەدا کەرەستەی خۆپارێزیی کەسییان بەکار دەهێنا و دووریی پێویستیشیان دەپاراست لە پێناوی سەلامەتیی خۆیان و بەرانبەردا. توێژەران لەسەر بنەمای تێبینی و ڕێنماییەکان چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ کرێکارانی شوێنکارەکاندا ئەنجام داوە. هەوڵ دراوە کرێکارانێک هەڵبژێردرێن کە ڕاستەوخۆ لە شوێنکارەکاندان تا نوێنەرایەتی لە گشت ناوچە و ئیدارەکانی پارێزگاکان بکەن، هەروەها لە گشت تەمەنەکان کرێکار چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام دراوە، ئەمەیش لەو پێناوەی هەموو چینە لاوازەکان نوێنەرایەتی بکرێن، بەشێوەیەکی گشتی کرێکارەکان سەر بەم توێژ و

چینانەن:

- کارمەندانی ئافرەت،
- کارمەندانی خوار تەمەنی 18 ساڵ،
- کارمەند لە کەمینەکان (چ ئایینی یان نەتەوەیی و...).

لەپێشتریش بۆ ئەو کرێکارانە بووە کە کارەکانیان لەخۆگری مەترسی پیشەیی بەرزە لە شوێنکارەکاندا.

سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراقدا لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون کرێکارەکان لە خۆ دەگرن، بەبێ گوێدانە نەتەوە و ئایین و هەر ناسنامەیەکی تریان. سەندیکا عێراقییەکان لەبەر ئەم هەڵوێستەیان لەلایەن کرێکارانەوە ڕێزیان لێ دەگیرێت. کۆکەرەوانی داتایش ئەم هەڵوێستەیان لە پێش چاودا بووە و لە کاتی چاوپێکەوتندا پرسیاری ئەو پاشخانانەیان لە هیچ کرێکارێک نەکردووە. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کرێکاران بەوپەڕی دڵنیایی و متمانە و کراوەیی و ئارامییەوە مامەڵە لەگەڵ کۆکەرەوانی داتاکاندا بکەن. لە ئەنجامدا داتاکان، تێڕوانینێکی گشتی و فراوان و چڕ لەسەر کەرتی بیناسازی لەو پێنج پارێزگار ئازادکراوەدا لەبارەی شوێنکار و چینە جیاوازەکانی تەمەنی کرێکارانەوە دەخاتە ڕوو. هەروەک تێڕوانینە بۆ چینە لاوازەکەی دانیشتووان. زۆریی سامپڵ و چاوپێکەوتنەکان متمانەیە بۆ بنەما کرەدەییەکانی ئەم توێژینەوەیە و پێشێلکارییە دیتراوەکانی مافی کرێکاران لەم بەشە گرنگەی ئابووریی عێراقدا.

| پارێزگا/ شار / قەزا | ژمارەی شوێنکار | مێ | نێر | کۆی چاوپێکەوتنەکان |
|---|---|---|---|---|
| پارێزگای ئەنبار | 9 | 0 | 201 | 201 |
| ڕەمادی | 3 | 0 | 75 | 75 |
| فەلووجە | 4 | 0 | 81 | 81 |
| هیت | 2 | 0 | 45 | 45 |
| پارێزگای دیالە | 5 | 4 | 196 | 200 |
| خاڵس | 1 | 0 | 37 | 37 |
| بەعقووبە | 3 | 2 | 98 | 100 |
| خانەقین | 1 | 2 | 61 | 63 |
| پارێزگای سەڵاحەدین | 5 | 0 | 206 | 206 |
| تکریت | 5 | 0 | 206 | 206 |
| پارێزگای کەرکووک | 7 | 3 | 197 | 200 |
| کەرکووک | 6 | 3 | 192 | 195 |
| داقوق | 1 | 0 | 5 | 5 |
| پارێزگای نەینەوا | 7 | 6 | 246 | 252 |
| موسڵ | 5 | 6 | 209 | 215 |
| بەعشیقە | 2 | 0 | 37 | 37 |
| کۆ | 33 | 13 | 1046 | 1059 |

## ئاستەنگ و کۆتەکان و ڕێگەچارەیان

ناوەندی زانیاری بۆ توێژینەوە و گەشەپێدان هەستاوە بە پێش خستنی بڕگەی دانانی پلان و زاڵبون بەسەر ئەو کۆسپانەی کە ڕێگرن لەبەردەم سەرکەوتنی توێژینەوەکە، وەکو مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای نوێی کۆرۆنای COVID-19 دیاری کرد و پلانێکی گشتگیریشی بۆ زاڵبوون بەسەریدا گرتە بەر. یان کۆسپی قەدەغەی هاتوچۆ و داخرانی شوێنکارەکان و بچووککردنەوەی قەبارەی کارەکان کە بەدوایدا کەمبوونەوەی ژمارەی کرێکارانیش دێت لەو شوێنکارانەی کە گونجاون بۆ چاوپێکەوتن لە ناوچە بە ئامانج گیراوەکاندا. جا کۆکەرەوانی داتا تووشی ئەم حاڵەتە بوونەوە و لە چەند شوێنکارێکدا کەمکردنەوەی ژمارە کرێکار بینرابوو، یان دابەش کرابوون بۆ گرووپی کاریی بچووکتر لە کاتگەلی جیاوازدا، ئەمەیش بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کرێکار لە شوێنێکدا کۆ نەبنەوە. هەر ئەمە هۆکارێکی تر بوو کە وای کرد تیمی توێژینەوەکە ژمارەی شوێنکارە بە ئامانج گیراوەکان زیاد بکات و هاوکاریش بوو لە زۆربوونی سامپڵەکاندا کە پێشتر بە 750 کرێکاری پیاو و ژن دەستنیشان کرابوو، بۆ

1059 سامپڵ وەک لە خشتەکەی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

تیمی بەرپرسیار لە توێژینەوەکە ڕووبەڕووی گرفتی زیاتر بوونەوە، بۆ نموونە کارە ئیدارییە پێویستەکان بۆ پێکهێنانی گروپەکان کەوتە کاتی داخستنەوە بەهۆی پەتای کۆرۆنای نوێی COVID-19ەوە. ئەودەم ژمارەیەک شوێن و فەرمانگەی حکوومی و نووسینگە سەندیکاییەکان لە عێراقدا داخرابوون. هەموو ئەم سەختی و ئاڵنگارییانە بووە هۆی دواکەوتنی کۆکردنەوەی مەیدانیی داتاکان. لەگەڵ ئەمەیشدا گرووپەکان توانییان ئەو کاتە قەرەبوو بکەنەوە بە بەکارهێنانی سیستمی ڕاپرسیی ئەلیکترۆنی کە پێشتر باسمان کرد و لەسەر ئامێرێکی زیرەك/تابلت کار دەکات. لە ئەنجامدا گرووپ توانی ڕاپرسیەکان لە ماوەیەکی پێوانەییدا تەواو بکات. هەروەک ئاسانکردنەوەی ڕاپرسییەکە بە دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵە بەشێکی فراوانی تایبەت و نەپرسینیان لە کرێکاران، بۆ نموونە ئەگەر داتاکان بە مەبەستی شیکار کۆ بکرێنەوە، ئەوە کاتێکی زۆری پێویست دەبێت بۆ پرسینی زیاتر لە 200 پرسیار.

## ئەنجامە سەرەکییەکان

ئەم بەندە باسی ئاماژەکانی پێشێلکردنی چوار پێوانە سەرەکییەکانی کارکردن دەکات لەگەڵ ڕوومالْکردنی بابەتەکانی تەندروستی و سەلامەتی کارکردن و دەستەبەریی کۆمەڵایەتی، کە لەبەر بڵاوبوونەوەی پێشێلکارییە زانراوەکانی پێش ئەم توێژینەوە لەم بوارانە ڕوومالْ کراون و لە کۆتاییدا جەختیان لەسەر کراوەتەوە. ئاماژەکانی بەزۆر کارپێکردن گرنگییەکی تایبەت بە ژمارەیەکی زۆر لە پێشێلکارییەکانی یاسای کارکردن دەدات کە لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە دۆزراونەتەوە کە ئەو پێشێلکاریانە دەکەونە ژێر ئاماژەکانی بەزۆر کارپێکردنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کارەوە. لە کاتێکدا هەبوونی یەک ئاماژە دەکرێت بەس نەبێت بۆ دیاریکردنی هەبوونی کاری زۆرەملێ، گرنگە تەماشای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاماژەپێکەرانە بەشێوەیەکی بەربڵاو بکرێت وەکو بەڵگەی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری کرێکاران لەبواری بنیاتنان لەم پێنج پارێزگایەدا بەدەست بارودۆخێکەوە دەناڵێنن کە ڕووبەڕووی بەزۆر کارپێکردنی کردوونەتەوە، و پێویست بە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات بۆ بڕیاردان ئایا بارودۆخەکانی کارکردن و پێشێلکارییەکان دەگاتە ئاستی ڕاستەقینەی کارکردن بەزۆر، بەڵام ڕاستییەکی ئاشکرایە کە تا ئێستا ئەنجامەکان پێویستیان بە چارەسەر هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بارودۆخانە.

چاوپێکەوتنەکان پەردە لەسەر بڵاوبوونەوەی پێشێلکارییەکانی یاسای کار و یاسای خانەنشینبوون و دەستەبەر یان بیمەی کۆمەڵایەتی پێوەرە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار بۆ کارکردن لە کەرتەکانی بینا و بیناسازی لە پێنج پارێزگا ئازادکراوەکانی دەست چەتەکانی داعش، لا دەبات. هەروەها توێژینەوەکە گرنگی چاککردنی پەیڕەوکارییەکانی پشکنین و پێویستی زیادکردنی هۆشیاری کرێکاران و خاوەنکاران بە یاساکە و گرنگی هەبوونی سەندیکای بەهێزتر لە شوێنەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت لەم پارێزگایانەدا، دەخاتە ڕوو.

## یەکەم – کاری زۆرەملێ و نیشانەکانی

کۆکەرەوانی داتاکان ئاماژەیان بە بوونی پێشێلکاریەك کرد کە دەکەونە ژێر ئاماژەکانی کاری زۆرەملێوە و، بە پێی ئەوەی کە دەکرێت ئەم پێشێلکاریانە ئاماژە بە کارکردن بەزۆر یان ڕووبەڕووبوونەوەی کارکردن بەزۆر بدەن، پێویست بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و تایبەت لەلایەن شارەزایانی تیمەکانی پشکنینی کارکردن دەکات بۆ دڵنیابوونەوە لە گەیشتنی پێشێلکارییەکان بە ئاستی کاری زۆرەملێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەی ئەو پێشێلکاریانەی کە دەکەونە ژێر ئاماژەکانی کارکردن بەزۆر زۆرن، چونکە ئاوارەبوون و نەبوونی دامەزراندن و بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری هۆکارگەلێ سەرەکین کە کرێکاران لەو ناوچانەدا دەچەوسێنێتەوە، لەپاڵ نەبوونی زانیاری سەبارەت بە دامەزراوەکانی کارکردن، بەتایبەت یاسای کارکردنی ژمارە ٣٧ ساڵی



.٢٠١٥

## ١-١ قۆستنەوەی لاوازی

داگیرکردنی ژمارەیەک شار لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و پرۆسە سەربازییەکانی ئازادکردنی ئەو شارانە، بوونە هۆی شەپۆلێک لە ئاوارەبوونی دانیشتوان لەو ناوچانەوە بۆ ناوچە سەلامەترەکان، کە لە پشتی خۆیدا زیانی بەرفراوانی لە دامەزراوە گشتی و تایبەتەکاندا جێ هێشت، سەرباری دارمانی ژێرخان و ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەکانی کارکردنی گشتی و تایبەت، ئەمەیش نەرێییانە کاریگەری لەسەر بارودۆخی دانیشتوان هەبوو لە ڕووی لەدەستدانی کار و پاشەکەوتەکانیان و لە ژمارەیەکیاندا ماڵەکانیان، کە داخوازییەکی زۆری لەسەر کارکردن دروست کرد بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانە، لەبەرانبەردا ژمارەی هەلەکانی کارکردن کەمی کرد بەمەیش زۆرێک لە پرۆژەکانی کارکردنی گشتی و تایبەت زیانی بەرکەوت و لە ئەنجامدا ڕێژەی بێکاری زیادی کرد، هەموو ئەو بارودۆخانە پاڵی بە کرێکارانەوە نا هەموو کارێک لەبەرامبەر هەموو کرێیەکدا قبوڵ بکەن تەنانەت گەر لەبەرانبەر پێدانی تێچووی بژێوی کەم بێت، بە جۆرێک 29.65٪ی کرێکارانی نموونەکانی توێژینەوەکە کرێیەکی کەمتر لە بڕی کەمترین ڕێگەپێدراوی یاسایی لە عێراق وەر دەگرن کە ٣٥٠ هەزار دیناری عێراقییە، ئەمە پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاساکانی مادەی ٦٢ی یاسای کارکردنی کارایە، کە ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت کرێی کرێکار لە کەمترین بڕی کرێی دیاریکراوی یاسایی کەمتر بێت و یاسا سزایەکی یاسایی ماددی سەپاندووە لە مادەی ٦٤یدا بەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو یاسایە پێشێل دەکەن.

زیادبوونی ڕێژەی بێکاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاندەرە بۆ کەمبوونەوەی کرێی کارکردن بە جۆرێک کە ١٥.٩٦٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە زۆر کەمترە لە بڕی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی تێچووی بژێوی و ٥٦.٤٧٪ ئاماژەیان بەوە کرد کە کەمترە لە بڕی پێویست، ٢٦.٣٥٪ دەڵێن کرێکانیان بەش دەکات و ٠.٣٨٪ دەڵێن کە زیاترە لە پێویستی بژێوی و ٠.٠٩٪ دەڵێن کە زۆر زیاترە لە بژێوی. هەروەها ٠.٢٨٪ ڕەتیان کردەوە وەڵام بدەنەوە و ٠.٠٩٪ ئاماژەیان کرد کە وەڵامی ئەوە نازانن. ئەگەر ویستمان هەڵسەنگاندنێکی تێکڕا بکەین بۆ کرێکان دەبینین ٧٢.٤٣٪ی کرێکاران کرێکانیان بەشی بژێوییان ناکات بە تایبەت کە ٣٩.٩٤٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە خانوو دەگرن بۆ ژیان کە ئەمەیش باری دارایی مانگانەیان زیاتر دەکات و ٢.١٧٪ی کرێکاران خاوەنی خانوو نین و هێشتا لە خێوەتگەی ئاوارەکان دەژین. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئاوارەبوونەوە هەیە توێژینەوەکە دەری دەخات ٩.٦٣٪ی کرێکاران لە ئێستادا ئاوارەن و ٤٧٪ی نموونەی تەواوی توێژینەوەکە لە ئاوارەییەوە هاتوونەتەوە و بە تێکڕا ٥٦.٦٤٪ی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە هۆکاری ئاوارەبوونەوە زەرەرمەند بوونە.

شایەن بە ئاماژەکردنە کە ٣٧.٨٦٪ی تێکڕای کرێکارانی توێژینەوەکە هەست بە قۆستنەوەی هەندێک لە خاوەنکار و سەرپەرشتیارانیان دەکەن بەهۆی بارودۆخی دارایی و کۆمەڵایەتیی ئاماژەپێکراویان لەسەرەوە کە مەرج و بارودۆخی کارکردنی ناگونجاو قبوڵ دەکەن، بۆ نموونە کارکردنی ماوە درێژ و دواکەوتنی کرێ و کەمکردنەوەی بە ڕێژەی نەگونجاو و ماوەی درێژی کارکردن و قورسی و ماندوویی کارکردن لە کەرتی بینا و بیناسازیدا، وەک ئەم کرێکارە ئاشکرای دەکات کە هەست بە قۆستنەوە دەکات لە کارکردن بە هۆی بارودۆخی تەندروستییەوە کە خاوەن پێداویستی تایبەتە.

> "بە پێدانی کرێی کەم دەچەوسێنرێینەوە بەو مەرجەی کە ئاوارەین و پێویستمان بە کارە، بەڵام بیانووی پووچ دەهێننەوە و لەو کرێیەی لەسەری ڕێککەوتووین، دەبڕن"

## 1-2 فێڵ لە کارپێکردندا

٩٣ کرێکار ئاماژەیان بەوە کرد کە مەرج و بارودۆخەکانی کارکردن دوای دەستبەکاربوونیان جیاوازە لەوەی کە لەگەڵ

خاوەن کارەکە پێش دەست بە کارکردن لەسەری ڕێککەوتوون، لەکاتێکدا ٢٧ کرێکار ڕەتیان کردەوە وەڵامی ئەوە بدەنەوە و ٢٢ کرێکار ئاماژەیان بە بێئاگایيان لە مەرج و بارودۆخەکانی کارکردن پێش دەستبەکار بوونیان کرد. بەراورد بەوانە، ٩١٧ کرێکار ئاماژەیان بەوە کرد کە هیچ جیاوازییەک نەبوو لە مەرج و بارودۆخەکانی کارکردن پێش و لە دوای دەستبەکاربوونیان.

٢٣ کرێکار لە کۆی ٩٣ ویستی ئەوەیان نەبوو یان نەیانتوانی جیاوازییەکە ڕوون بکەنەوە، بەڵام ٤٤ کرێکار "لە هەمان نموونە" جەختیان کردەوە لەوەی کە جیاوازییەکە لە فەرمان و ئەرکە لەسەر ڕێککەوتووەکاندا بوو لەگەڵ خاوەن کار و ٤٣ کرێکاریان ئاماژەیان بەوە کرد کە جیاوازییەکە لە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانە بوو کە لەسەری ڕێککەوتبوون، هەروەها ٢٠ کرێکار وتیان کە جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە خاوەن کارەکە ئەو دەرماڵە و هاندەرانەی لە پێش دەستبەکاربوون لەسەری ڕێککەوتبوون، پێ نەدەدا. لە لایەکی دیکەوە، ١٧ کرێکار ئاماژەیان بەوە کرد کە جیاوازییەکە لە پێنەدانی مۆڵەتی تەرخانکراودا بوو، بەڵام ١٥ کرێکار دەریان خست کە جیاوازییەکە لە بڕی پێدانی کرێی ڕێککەوتوو لەسەری بوو کە کەمتر بوو لەوەی پێش دەستبەکاربوون لەسەری ڕێککەوتبوون. لەلایەکی دیکەوە ٤ کرێکار ئاماژەیان بەوە دا کە جیاوازییەکە لە دابیننەکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بوو بە گوێرەی ئەوەی پێش دەستبەکاربوون لەسەری ڕێککەوتبوون.

### 1-3 ئەو کۆتانەی خەڵکی پێ دەبەسترێتەوە

٤ لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ڕایانگەیاند کە ئازادنین لە کۆتاییهێنانی پەیوەندی کارکردنەوە لەبەر هۆکارگەلی جیاواز، لە نێوانیاندا ڕازینەبوونی خاوەنکارەکە واتە دەستلەکارکێشانەوە و هەڕەشەی بڕینی کرێ و سەپاندنی مەرجی بەکارنەخستنی هەر کرێکارێک کە پەیوەندی کارکردنی پچڕاندووە و مافی ئەوەی نییە لە داهاتوودا بگەڕێتەوە سەر کار و ئەم حاڵەتانە حاڵەتی ڕاستەقینەن لە کارکردنی زۆرەملێ کە یاسای کاری کارا ئاماژەی پێ دەکات (مادەی نۆ – یەکەم – ب) و بە بەندکردن و پێبژاردنی دارایی یان یەکێک لەو دوو سزایە سزا دەدرێت بۆ هەر کەسێک کە بەرانبەر کرێکاران ئەو کارە دەکات.

### 1-4 دابڕان

١.٠٤٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە دڵنیایيان دا لە بوونی حاڵەتەکانی دابڕان لە کرێکارەکانی دیکە لە ناویاندا و ڕێگەگرتنیان لە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تر بە جۆرێک کە ڕێگە بە کۆمەڵەیەک لە کرێکاران نادرێت کە کاتەکانی پشوو لەگەڵ کرێکارانی تر بەسەر ببەن و ناچارکردنی کرێکاران کە لە دابڕان لە کرێکارانی تردا کار بکەن.

قورسە لەم حاڵەتەدا بڕیاری هەبوونی یان نەبوونی کارکردنی بەزۆر هەبێت بە هۆی سروشتی کارکردن لە پرۆژە بیناکارییە گەورەکان لە ماوەی پەتای کۆرۆنادا، کە دەشێت زیاد لە یەک بەڵێندەر و کۆمپانیایەکی دووەمی هەبێت و هەر یەکەیان کاتی کارکردن و پشودانی دیاریکراویان هەبێت کە لە کۆمپانیاکانی تر جیاوازە. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا نابێت ئەم جۆرە ئاماژانە پشتگوێ بخرێن بەهۆی ئەوەی دەکرێت ببنە هۆی دەرخستنی حاڵەتی ڕاستەقینەی کارکردنی بەزۆر لەلایەن تیمەکانی پشکنینی کار.

### 1-5 توندوتیژی و دەستدرێژی جەستەیی و سێکسی

توندوتیژی و دەستدرێژی جەستەیی و سێکسی بە ئاماژەکانی کاری زۆرەملێ هەژمار دەکرێن. یەکێک لە کرێکارەکان ئاماژەی بەوە کرد کە لەکاتی کاردکردندا ڕووبەڕووی هەراسانکردنی جەستەیی بووەتەوە، لە کاتێکدا ٥٤.٣٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ڕەتیان کردەوە کە هیچ سەرنجێکیان لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، هەروەها ٢.٥٥٪ی کرێکارەکان ڕووبەڕووی دەستدرێژی زارەکی بوونەتەوە لەلایەن سەرپەرشتیارانی کارەکەیان و ٠.٣٨٪ لەلایەن کرێکارانی دیکەوە. کرێکارێکیش ئاماژە کرد بە ڕووبەڕووبوونەوەی مامەڵەی خراپ لەلایەن بەڕێوبەرانەوە.

١.٩٨٪ی نموونەی توێژینەوەکە ڕایان گەیاند کە ڕووبەڕووی مامەڵەی سووکایەتی پێکردن بوونەتەوە لەلایەن سەرپەرشتیارانی کارەکە، کە خۆی لە

> "بەردەوام ڕووبەڕووی سوکایەتی پێکردن و دەنگ بەسەردا بەرزکردنەوە و هەڵچوونی بەردەوام دەبمەوە بەبێ هۆکار"

ڕووبەڕووبوونەوەی سوکایەتی پێکردنی زارەکی کرێکارەکان بە دەنگی بەرز بەهۆی ئەنجامدانی هەر هەڵەیەک لە کارەکە دەبینییەوە و هەندێک جار هیچ هۆیەکی نەبوو.

هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێ کرا سەرپێچیکەرن و بڕیارەکانی مادەی دەی یاسای کار کە دەستدرێژی سێکسی قەدەغە دەکات لە پیشەدا و هەر مامەڵەیەکی دیکە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی کارکردنی تۆقێنەر یان دژایەتیکەر یان سوکایەتیپێکەر بۆ هەر کەسێک کە ڕووبەڕووی ئەم مامەڵە دەبێتەوە و یاسا سزای سەرپێچیکەری داوە بە بەندکردن بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە شەش مانگ و پێژاردنێک کە لە ملیۆنێک دینار زیاتر نەبێت یان هەر یەکێک لەو دوو سزایە لەکاتی سەرپێچیکردنی یاساکە.

## 6-1 کارکردن لەژێر هەڕەشەی سزادا

٥.٤٧٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کرد کە سەرپەرشتیار و خاوەن کارەکان ڕووبەڕووی دەرکردنیان کردوونەتەوە ئەگەر ڕەتیان کردەوە کە کۆمەڵێک کار بکەن کە پێش دەستبەکاربوونیان لەسەری ڕێک نەکەوتبوون، لە نێوانیاندا کاری زیادە لە دەرەوەی کاری دیاریکراو بەبێ قەرەبووکردنەوەیان بە تەرخانکردنی کرێی زیادە یان بەهۆی داواکردنی کرێی ڕێککەوتوو لەسەر و هەندێک جار کرێکارەکان هۆکاری هەڕەشەی دەرکردنیان لە کار نازانن و پێیان وایە کە بە هۆی زۆری هەبوونی دەستی کار و کەمی هەلی کارە، لە کاتێکدا ژمارەیەک لە کرێکارەکان ڕایان گەیاند کە هەڕەشەی دەرکردن لە کار لەکاتی هەبوونی هەر سستییەک لە کارکردن لەلایەن کرێکارەوە، ڕوو دەدات.

## 7-1 دەستبەسەرداگرتنی بەڵگەنامە کەسییەکانی کرێکارەکان

کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیانکردەوە لەوەی هیچ لە بەڵگەنامە کەسییەکانیان لەلایەن خاوەن کار یان کەسانی ترەوە دەستی بەسەردا نەگیراوە، بۆیە لەم لایەنەوە هیچ ئاماژەیەکی خراپ لە ئارادا نییە.

## 8-1 دەستگرتن بەسەر مووچەدا

٢.٨٣٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە دڵنیایان دا کە خاوەنکارەکان کرێکانیان یان بەشێکی دەستبەسەر دەکەن وەک ئامرازێکی گوشارکردن بۆ دەستەبەرکردنی کۆتاییپێنەهێنانی پەیوەندی کارکردن تاوەکو جێبەجێکردنی داواکراو لە کاتی خۆیدا، هەرچەندە یەکێک لە کرێکارەکان جەختی کردەوە کە بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک کرێکەی گیر دراوە. لەلایەکی ترەوە ١٦.٤٣٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوە ڕایانگەیاند کە پێدانی کرێکانیان لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە دوا کەوتووە لەبەر کۆمەڵە هۆکارێک لە نێوانیان ئەوەی پەیوەندی بە وەرگرتنی پێشینەی دەستبەکاربوون هەیە لەلایەن خاوەنکارەوە لە لایەن حکومییەکان کە هەندێک جار پێدانی کرێکان دەگاتە ١٠ ڕۆژ و هەندێک جار کرێکە نادرێت تاوەکو کرێکار داوای دەکات. لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەموو ئەو خاڵانەی لەم برگەدا ئاماژەیان پێ کراوە ئەگەری بوونی کارکردنی بەزۆر زیاد دەکەن و پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد لەلایەن دەزگای پشکنینی کارەوە بکرێت.

"سەرپەرشتیاری کارەکە هەڕەشەی دەرکردنی لێ کردم ئەگەر ڕەتی بکەمەوە کاری زیادەی ماوە درێژ ئەنجام بدەم، هەرچەندە ئەوە بەبێ پێدانی کرێش بوو"

"کرێکان بە ڕێکی نادرێن و ناچار دەکرێین لە کاتی هەبوونی هەڵە لە یەکێک لە پێگەکاندا کاری زیادە بکەین و لەوەدا قەرەبوو ناکرێینەوە"

### 1-9 دیلی قەرز

٪5.4ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان کردەوە کە پێشینەی داراییان لە خاوەنکارەکانیانەوە بەبێ سوو (زیادە) چوونە سەر وەرگرتووە، لە کاتێکدا یەک کرێکار ڕای گەیاند کە پێشینەی وەرگرتووە کە سوودی دارایی دەچێتە سەر، کە ئەمەیش بارێک لەسەر کرێکارەکە دروست دەکات لە دانەوەی بڕەکە و ئەو سوودەی دەچێتە سەری و کۆست دەخاتە سەر ئازادیی لە جێهێشتنی کارەکە و هەڵبژاردنێکی گونجاو.

### 1-10 بارودۆخی خراپی کارکردن

بارودۆخی خراپی کارکردن خۆی بە تەنها بوونی حاڵەتی کاری زۆرەملێ ناسەلمێنێت چونکە، بۆ نموونە، هەندێک جار کرێکارەکان بەهۆی نەبوونی هەلی کارکردن قبوڵی کارکردن لەو بارودۆخانەدا دەکەن، بەڵام بارودۆخە خراپەکانی کارکردن ئاماژەی وریاکەرەوە دەدەن بەبوونی حاڵەتەکانی زۆرلێکردن کە کرێکارەکان ڕووبەڕووی قۆستنەوە دەکات لەوەی کارەکەیان بە ئازادی جێبهێڵن.

توێژینەوەکە ئەوەی ئاشکرا نەکرد کە ئەوانەی ڕووبەڕووی بارودۆخی خراپی کارکردن بوونەتەوە زۆر لێکراون کار بکەن یان ڕێگری کراون لەوەی کارەکەیان بە ئازادی جێ بهێڵن و لەگەڵ ئەوەیشدا ناکرێت ئەوە گشتگیر بکرێت بەسەر هەموو ئەو کرێکارانەی کە لە دەرەوەی توێژینەوەکەن بە تایبەت کە ٩.٥٤٪ی کرێکارەکان دڵنیاییان داوە کە بەهۆی مەرج و بارودۆخی خراپی کارکردنەوە، بەدەست گوشاری دەروونییەوە دەناڵێنن و ئەمەیش پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆسەی پشکنینی بەرفراوانە لەلایەن پشکنەرانی کارەوە بۆ چاودێریکردنی هەر حاڵەتێکی زۆرلێکردن لەم چوارچێوەدا. سەرباری ئەوەی کە هیچ حاڵەتێکی بەزۆر کارکردن لەم بڕگەیەدا سەبارەت بە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە نەسەلماوە، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لە دەستبردن بۆ بارودۆخی تری کارکردن کە لە ڕابردوودا قسەی لەسەر نەکرا.

> "ڕووبەڕووبوونەوەی گوشاری دەروونی بەهۆی قورسی کارکردن لە بارودۆخەکانی هاوین و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و زۆری تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەمی کرێکان کە بەزۆر پێداویستییەکانم و پێداویستی خێزانەکەم پڕ دەکاتەوە"

### 1-10-1 لێبڕینی کرێ

٪٥ی کرێکارەکان لە کرێکانیان دەبڕدرێ و لە دوای پێداچوونەوەی هۆکارەکانی لێبڕین دەرکەوت کە زۆرینەی لێبڕینەکان نایاسایین و پێچەوانەی یاساکانی مادەی ٥٧ی یاسای کاری جێبەجێکراون کە دەڵێت نابێت کرێی کرێکار ببڕدرێت تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا بڕیاری لەسەر دەدات لە نێوانیاندا تێچووی شەرعی و بەشداریی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سەندیکا و یاسا ڕوونی کردووەتەوە کە دەبێت لێبڕینەکە لەو حاڵەتانەدا نابێت لە ٢٠٪-٣٠٪ زیاتر بێت بە گوێرەی کرێی کرێکارەکە. یەکێک لە کرێکارەکان ئاماژەی بەوە کرد کە لە هەندێک حاڵەتدا ئامادەنەبوونێکی بەمەبەست تۆمار دەکرێت بۆ پاساودان بە بڕینی کرێ سەرباری ئامادەبوونی کرێکار لە پێگە. هەروەها کرێکارانی دیکە ئاماژەیان بە لێبڕین کردووە بە هۆی ئامادەنەبوونەوە چونکە ناتوانن لە مۆڵەتەکان سوودمەند ببن بۆیە کرێکار ناچار دەبێت بۆ پشوودان ئامادە نەبێت بە هۆکاری زۆری ئەرکەکان لە کار. هەروەها کرێی ژمارەیەک کرێکار لە مۆڵەتە ئاسایی یان نەخۆشییەکانیان بڕاوە، یان کاتێک کرێکار بە هۆی حاڵەتە لەناکاوەکانەوە ناتوانێت ئامادە بێت، بۆ نموونە قەدەغەی هاتووچۆ بەهۆی پەتای کۆرۆنا COVID 19.

> "مۆڵەتێکی فەرمیم وەرگرت و لە کاتی ئامادەبوونم لە کار خاوەنکارەکە پێی وتم کە مۆڵەتەکە بەبێ کرێیە هەرچەندە ڕێککەوتنی پێشتر وایە کە بە کرێی تەواوەیە"

**1-10-2 سوودمەندبوون لە پشووی کۆتایی هەفتە** .. ٨.٤٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ڕایان گەیاند کە بە درێژایی هەفتە بەبێ سوودمەندبوون لە هیچ پشوویەک کار دەکەن لە کاتێکدا ٧١.٦٧٪ی کرێکارەکانی پرۆژە ڕایان

گەیاند کە پشووی کۆتایی هەفتەیان هەیە بەڵام بەبێ کرێیە و ئەمە مانای ئەوەیە کە ٨٠٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە سوودمەند نین لە پشووی کۆتایی هەفتە بە کرێی تەواوە و ئەمە پێچەوانەی بڕیارەکانی مادەی ٧٤ی یاسای کارکردنە کە دەڵێت کرێکار مافی پشووی هەفتانەی هەیە کە لە یەک ڕۆژ کەمتر نییە و بە کرێی تەواوەوە.

٦٤.٧٨٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ئاشکرایان کرد کە ئەوان بە هۆی بارودۆخی لەناکاوەوە هەندێک جار لە کاتی ڕۆژانی پشووی هەفتانە بەبێ قەرەبووکردنەوەیان بە ڕۆژی پشووی دیکە، کار دەکەن، لە کاتێکدا ٢١.٤٤٪ی کرێکاران ڕایان گەیاند کە قەرەبووی مادی وەردەگرن لە بەرامبەر کارکردن لە ڕۆژی پشوودا و بە چاوپێخشاندن بەو قەرەبووە داراییەی کە کرێکارەکان ڕایان گەیاند دەرکەوت کە بە ڕێژەیەکی زۆر کرێی کارکردنی ڕۆژەکەیە بەبێ زیادە و ئەمەیش دووپاتی دەکاتەوە کە زیاتر لە ٨٠٪ی کرێکارەکان سوودمەند نین لە پشووی هەفتانەی کرێدراو یان قەرەبووکردنەوەی بە گوێرەی بڕیارەکانی یاسای کار، بە زانینی ئەوەی کە ٥.١٩٪ی کرێکارەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕەتیان کردەوە وەڵامی ئەوە بدەنەوە کە ڕێی تێ دەچێت ڕێژەیەک لەو کرێکارانە سوودمەند نەبن لە پشووی کۆتایی هەفتە بە کرێی تەواو.

**1-10-3 کارکردن لە کاتی جەژن و پشووە فەرمییەکان ..** ١٥.٢٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە پێشتر لە ماوەی ڕۆژانی جەژن و پشووە فەرمییەکان کاریان کردووە، ٥٦،٦٢٪ی ئەو کرێکارانە جگە لە کرێ ئاساییەکانیان هیچ قەرەبوویەکیان وەرنەگرتە و ٤٠.٣٧٪یان پێیان وایە کە قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ جۆری قەرەبووەکان کە کرێکارەکان باسیان کرد دەردەکەوێت کە زۆرینەیان کرێی ڕۆژانە ئاساییەکەیان وەردەگرن لە کاتی کارکردن لە ڕۆژانی جەژن و پشووە فەرمییەکان و ئەوانی تر قەرەبوویەکی دارایی وەردەگرن کە لە باشترین حاڵەتدا لە ٣٠٠٠ – ٦٠٠٠ دیناری عێراقی بۆ هەر سەعاتێک زیاتر تێپەڕ ناکات لە کاتێکدا مادەی ٧٤ – دووەمی یاسای کار ئاماژە بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کرێکارانە دەکات کە لە ماوەی ڕۆژانی جەژن و پشووە فەرمییەکان کار دەکەن بە کرێیەکی قەرەبووی زیادە سەرباری کرێی شایستەیان، بە زانینی ئەوەی کە مادەی ٧١ی یاسای کار ڕوونی کردووەتەوە کە دەبێت هەر کارکردنێکی زیادە دەبێت ملکەچی ئەو ڕێکارانە بێت کە یاسا دیاری کردووە، ئەمەیش بوونی سەرپێچی یاسایی لە مافەکانی کرێکار لەم لایەنانەوە دەسەلمێنێت.

**1-10-4 سوودمەندبوون بە مۆڵەتی ئاسایی ساڵانە و نەخۆشی ...** ٨٥.٨٣٪ی کرێکارەکان سوودمەندنین لە مۆڵەتی ساڵانەی کرێدراو بەو جۆرەی کە یاسای کار لە مادەی ٧٥یدا ئاماژەی پێ کردووە کە ڕوونی دەکاتەوە کە کرێکار مافی مۆڵەتی ساڵانەی هەیە بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ بە کرێی تەواو بۆ هەر ساڵێکی کارکردن و دەکرێت مۆڵەت لە بەشێکی ساڵەکە وەر بگیرێت بە شێوازێک کە گونجاوە لەگەڵ ئەو بەشەدا، هەروەها یاسا دیاری کردووە کە مۆڵەتی ساڵانە ٣٠ ڕۆژ بێت بە کرێی تەواو بۆ کارە قورس و زیانبەخشەکان.

٧٩.٢٢٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە سوودمەندنین لە مۆڵەتی نەخۆشیی کرێدراو بە گوێرەی ئەوەی کە یاسای کار لە مادەی ٨٠یدا ئاماژەی پێ دەکات کە دەڵێت کرێکار مافی مۆڵەتی نەخۆشیی هەیە بە کرێی تەواو لە خاوەنکارەوە بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە هەر ساڵێکی کارکردندا، لە کاتێکدا کە ٢.١٧٪ی کرێکارەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئاگاداری بابەتی مۆڵەتی نەخۆشی نەبوون، هەروەها ١.٣٢٪ی کرێکارەکان ڕەتیان کردەوە هیچ سەرنجێکیان لەسەر مۆڵەتە نەخۆشییەکان هەبێت.

## 1-11 کارکردنی زیادەی زیادەڕەو

کارکردنی زیادی سەربار یان زیادەڕەو یان بێ پاساوی یاسایی بە یەکێک لەو ئاماژانە دادەنرێت کە کرێکاران لە ڕێیەوە دەکەونە ژێر کاری زۆرەملێوە بە جۆرێک ١٧.٧٥٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ڕایانگەیاند کە ئەوان کاری زیادە بە ڕێژەی ٢٤ کاتژمێر لە مانگێکدا ئەنجام دەدەن و ئەمە پێشێلکەری مادەی (٧١ – پێنج – هـ)ی یاسای کاری پەیڕەوکراوە کە مەرجی داناوە نابێت هیچ کرێکارێک زیاتر لە ٤٠ کاتژمێر لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا ئەنجام بدات.

بە گەڕانەوە بۆ ئەنجامەکانی تایبەت بە کاتژمێرەکانی کارکردنی درێژ ئاشکرا دەبێت کە ٤٤.٥٧٪ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ماوەی کاتژمێرێک کار دەکەن کە ڕێژەی ڕێگەپێدراوی یاسایی تێپەڕ دەکات و کە بە ٨ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا دیاری کراوە و کاتی کارکردنیان لە نێوان ٩-١٨ کاتژمێر دایە.

ژمارەیەک لە کرێکارەکان هیچ ئاگادارییەکی لەسەر کاتی کارکردنی دیاریکراوی یاسایی و کارکردنی زیادە چییە و چۆن لەوە

قەرەبوو دەکرێتەوە، نییە، بۆیە قورسە بۆیان کە باری یاسایی خۆیان بزانن و ئەمە لە وەڵامەکانیان سەبارەت بە ئەنجامدانی کاری زیادە ڕوون دەبێتەوە، کە ١٧.٧٥٪یان ڕای دەگەیەنن کە کاری زیادە ئەنجام دەدەن لە کاتێکدا ئەنجامی تایبەت بە کاتژمێرەکانی کارکردن لە دەرەوەی سنووری یاسایی ئاماژەی بە ٤٤.٥٧٪ دەکرد و ئەم جیاوازییە لە ڕێژەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی کرێکارەکان بە یاساکانی کارکردنی زیادە.

ئەوەی ئەمە دڵنیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ٦.٣٣٪ی کرێکارەکان هیچ قەرەبوویەک لە کارەزیادەکان وەر ناگرن و ئەمە بۆچوونی لێکۆڵینەوەی ئاماژەپێکراوە سەرەوە بەهێز دەکات، بە تایبەت ئەوانەی کە دڵنیایی دەدەن لە وەرگرتنی قەرەبوو بۆ کارکردنی زیادە ڕێژەکەیان ١١.١٤٪ە، لە ڕاستیدا زۆرینەیان قەرەبوو وەرناگرن و ئەمە لە پرسیارکردن لە بڕی قەرەبووکردنەوەکەیان ڕوون بوویەوە کە زۆرینەیان ئاماژەیان بەوە کرد کە قەرەبووەکە بە پێدانی کرێی ڕۆژ یان کاتژمێری ئاسایی کاکردنە.

ئەنجامدانی کاری زیادە لەلایەن کرێکاران بەبێ وەرگرتنی هیچ قەرەبوویەک لە بەرامبەریدا دەشێت لە ئەنجامدا بەهێزکەری ئەو بیرۆکە چەسپاوە بێت لە نێوان خاوەنکار و کرێکاراندا بە یەکسانی کە بڕی کرێی ئاسایی کارکردن چۆن ئەوە بە شێوازی یاسایی قەرەبووکردنەوە دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە لەگەڵ یاساکانی قەرەبووکردنەوەی کارکردنی زیادەدا یەک نەیەتەوە کە لە یاسای کاردا باس کراوە.

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا سەبارەت بە وەرنەگرتنی کرێی کارکردنی زیادە بە کارکردنی بەزۆری ئاشکرا دادەنرێت بە تایبەت کە ژمارەیەک لە کرێکاران خواستیان بۆ ئەنجامنەدانی کاری زیادە دەربڕی بەڵام هەڕەشەی دەرکردن لە کار و لەدەستدانی کارکۆتێکیان لەسەر دروستکردووە بۆ داوانەکردنی مافەکانیان.

بەڵام ئەو کرێکارانەی کە قەرەبوویەک لەبەرامبەر کارکردنی زیادە وەر دەگرن ئەگەر هەیە ئەوان لە ژێر کاکردنی زۆردا بن و وردبوونەوە لەم بابەتە و دڵنیابوونەوە لێی یان ڕەتکردنەوەی پێویستی بەوەیە دەزگای پشکنینی کار هەڵبسێت بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و ورد لەم بابەتەدا.

## دووەم: جیاکاری لە بەکارهێنان و پیشەدا

(٧) لە کرێکارەکان ٦٠٫٦٦% لە نموونەی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە خاوەنکارەکان مەرجی ئەوەیان لەسەر داناون کە بۆ وەرگرتنیان دەبێت سەربە سەندیکاکان نەبن، ئەمەیش پێچەوانەی مادەی هەشتەم (دووەم)ی یاسای کارە، ڕێگریکردن لە مەرجی پێوەندینەکردن بە سەندیکاوە یان وازهێنان لێی، ١٢ کرێکار ڕەتیان کردووە باس لەوە بکەن کە دووچاری ئەمە بوونەتەوە یان نا، لە کاتێکدا ئەودوای کرێکارەکان کە ڕێژەی ٩٨.٢١%ی نموونەی توێژینەوەکە پێک دەهێنن جەختیان لەوە کردووە کە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە دووچاری هەڵوێستێکی وەها نەبوونەتەوە.

١٠.٩٥% لە کرێکاران پێیان وایە لە لایەنی یەکسانی لە کرێدا، بەدەستهێنانی مۆڵەت و بەخشش، کاتژمێرەکانی کارکردن و بەدەستهێنانی خواردنەوە جیاکاری لە دژیان دەکرێت، بناغەی جیاکارییەکەش بەپێی بۆچوونی ٧٢.٤١%ی کرێکاران بۆ ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیان، ٨.٦% نەتەوەپەروەری، ٦% تەمەن سەبارەت بە کرێکارانی منداڵ و هەرزەکار، ٤.٣% بنەڕەتی کۆمەڵایەتی، ٣.٤٤% ئایین و مەزهەب، ٢.٥٨% ڕەگەزنامە، ٠.٨٦ % بۆ هەریەک لە ڕەگەز و نەژاد و لایەندارێتی و چالاکیی سەندیکایی بە ڕێزبەندیی، دەگەڕێتەوە.

٧.٤٦ لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەوە کردووە هیچ جیاکارییەک لەدژیان نەکراوە، لە کاتێکدا ٣٧.٦٨% لە کرێکاران ئاماژەیان بەوە کرد کە نازانن ئاخۆ جیاکار لە دژیان پەیڕەو دەکرێت یان نا، ٤٨.٣٥% لە کرێکارانیش لەبەر هۆکارێکی نەزانراو ڕەتیان کردووە لەم بارەوە بۆچوونی خۆیان دەربڕن.

١٠.٩٥% لە حاڵەتەکان ئاماژە بە جیاکاریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ بوونی کێشەیەک دەکەن، بەڵام لە قەبارەکەی بچووک دەکەنەوە یاخود لە ڕێژەی باسکراو بەرزترە، جوداکرنەوەی پرسی جیاکاری پێویستی بە پشکنەری پسپۆڕی کار هەیە کە لە هەڵسەنگاندنی بڕی کرێی بۆ ئەو کارانەدا کە بۆ وێنە بەهایان یەکسانە خاوەن بەهرە بن، لە هەموو بارێکدا هەر حاڵەتێکی جیاکاری بە سەرپێچیکردنی یاسای کار دەژمێردرێت، کە ئەمە قەدەغە دەکات و سەرپێچیکاران بە بەندکرنی کەمتر لە شەش مانگ و غەرامەی کەمتر لە ملیۆنێک دینار سزا دەدات.



## سێیەم: کارکردنی منداڵان و هەرزەکاران:

کارکردنی منداڵان لە ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی کاردا باسی لێوە کراوە، وێڕای یاسای کار کە لە کۆماری عێراق دەرچووە و بەوە دیاری کراوە کە لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، هەروەها سەپاندنی سزای زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت وە سزادانی ماددی کە بڕەکەی لە یەك ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت، یاخود یەک لەو دوو سزایە بەسەر کەسێکدا کە کار بە منداڵی خوار تەمەن ١٥ ساڵ بکات دەسەپێنرێت، بەڵام لە نموونەی توێژینەوەکەدا ٢٠ منداڵ هەن کە تەمەنیان ناگاتە ١٥ ساڵ کە لە پرۆژە بیناسازییەکانی بابەتی توێژینەوەکەدا کار دەکەن، ئەمەیش پێچەوانەی یاسای کارە دەربارەی نەهێشتنی کارکردنی منداڵان، بەتایبەت لە کاتێکدا کە پرۆژە بیناسازییەکان لە ڕووی جیهانییەوە لەو کەرتانەن کە زۆرترین مەترسیان تێدایە.

کۆکەرەوەکانی داتاکان بوونی ٢٠ کرێکاریان لە تەمەنی ١٥-١٨ ساڵیدا تێبینی کرد کە یاسای کار ڕێگەی کارکردنی پێداون، بەڵام بە مەرجگەلی تایبەت، بە شێوەیەک یاساکە لە مادەی ٩٥دا دەڵێت: نابێت هەرزەکاران لە شوێنێکدا کار بکەن یان بچنە ئەو شوێنانەی کار کە سرووشت یان دۆخی کارەکە زیان بە تەندرووستی و سەلامەتی و ڕەوشتیان بگەیەنێت، هاوشێوەی ئەوەی لە کەرتەکانی بیناسازیدا هەیە، وەک کارکردن لە بەرزاییە ترسناکەکان و، ژینگە ناتەندرووستەکان کە هەرزەکاران تووشی مەترسی و پلەی گەرمیی زۆر یان دەنگی بەرز یان لەرزینێک زیان بە تەندرووستیان بگەیەنێت ببنەوە، یاخود بۆ ماوەیەکی زۆر کار بکەن، ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێت کە سەرپێچیی لە یاسای کار دەکرێت، لە کارکردن بە هەرزەکاران لە کارە سەخت و پرمەترسییەکاندا، بەتایبەت ئاشکراکردنی چەند پیشەیەک کە هەرزەکاران ئەنجامی دەدەن لە لووسکردنی چیمەنتۆ، ڕۆکردنی کۆنکریت، هەڵگرتنی کەرەستە و بلۆک، بێژانەوەی لم، هەروەها ئیشی ئاسنگەری و داروتەختە، پاککردنەوە و، لابردنی داروپەردوو. سەرجەم ئەم کارانە مەترسین لەسەر کەمتەمەنان، سەرەڕای پیسبوونی هەوا بە تەپوتۆزی بیناکان و پلەی گەرمیی بەرز.

هیچکام لەو کرێکارە هەرزەکارانە لەلایەن لێژنەی تەندرووستییەوە پێش دەستبەکاربوونیان پشکنینی گشتییان بۆ نەکراوە بۆ دڵنیابوونەوە لە توانا جەستەیی و هۆشیاریی بۆ ئەو کارەی پێیان دەسپێردرێت و، هیچ پشکنینێکی تەندرووستیی کاتییش بۆ هەرزەکاران نییە، هیچکام لەو کرێکارانەیش بڕوانامەیەکی سەلمێنەری توانستی جەستەیی نییە، ئەمەیش پێچەوانەی مادەی ٩٦-٩٧ی یاسای کارە، کە پێویستی دەکات هیچ کرێکارێکی کەمتەمەن بەبێ پشکنینی گشتیی تەندرووستی کە تێچوونەکەی لەسەر خاوەنکارە کاری پێ نەکرێت.

١٠%ی کرێکارە منداڵەکان و هەرزەکارانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی ٧ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کار دەکەن، بەڵام ئەوانی تر ٨-١٣ کاتژمێر کار دەکەن، ئەمەیش سەرپێچییەکی مرۆییە پێش ئەوەی سەرپێچییەکی یاسایی بێت، چونکە منداڵان ناتوانن کاتژمێرگەلێکی زۆر کار بکەن، بەتایبەت دەقی یاساکە لەسەر کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارە بۆ پێگەیشتووان، ئەی حاڵی منداڵ و هەرزەکاران چۆن بێت لە کەرتەکانی کاری سەخت و پرمەترسیدا بۆ کاتژمێرگەلێکی زۆر، بە مەرجێک ٢٥%ی کرێکارە منداڵ و هەرزەکارەکان پشووی ڕۆژانەیان لە ١-٣ کاتژمێرە، وەک ئەوەی لە یاسای کاردا جێگیر کراوە، لە کاتێکدا ٧٥%یان نیو کاتژمێر یان کەمتر پشوو دەدەن، ئەمەش پێچەوانەی بڕیارەکانی کارپێکردنی هەرزەکارانە.

سەبارەت بە مۆڵەتە ساڵانەکان توێژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە سەرجەم کرێکارە منداڵ و هەرزەکارەکان هیچ مۆڵەت یان پشوویەکی هەفتەییان بە وەرگرتنی کرێوە نییە، ئەمەیش سەرپێچییەکی تری یاسای کارە، بەتایبەت یاساکە مافی زیادکردنی مۆڵەت تاکوو ٣٠ ڕۆژ لە ساڵێکدا بە کرێی تەواوە دەدات بە هەرزەکاران، لە جێی ئەو ٢١ ڕۆژەی بە کرێکارە پێگەیشتووەکانی دەدات.

هەروەک کۆکەرەوانی داتاکان سەرنجیان دا کە خاوەنکاران نەیانتوانیوە بڕیارەکانی کار تایبەت بە کارپێکردنی هەرزەکاران و پاراستنیان، لە جێگەیەکی دیار و ڕووندا لەسەر لە تابلۆی ڕاگەیاندنەکاندا بخەنە ڕوو، هەروەها لیستێکی تایبەتیان بۆ تۆمارکردنی ناو و تەمەنی کرێکارە هەرزەکارەکان و ئەو کارەی پێیان دەسپێردرێت نییە، هەروەک بڕی پارەی هەفتانەیان ٤٨٠٠٠ دینارە، ئەمەیش لە تێکرای هەرەنزمی کرێ لە عێراق کەمترە و سەرپێچییەکی تری یاسای کارە.

هەموو ئەوانەی سەرەوە سەبارەت بە کارکردنی نەوجوانان باس کران، بە سەرپێچیکردنێکی ڕوونی بڕیارەکانی بەشی یازدەیەمی یاسای کار تایبەت بە کارپێکردنی لاوان و کارپێنەکردنی منداڵان دەژمێردرێن.

## چوارەم: ماف و ئازادییە سەندیکاییەکان و مافی دانوستانی بەکۆمەڵ

ئازادیی سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی کارێکی هەرە گرنگە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران و باشترکردنی دۆخی کار، چونکە سەندیکاکان ماف و دەسەڵاتیان هەیە کە چاودێریی پابەندبون بە یاساکانی کار و ئەو ڕێککەوتنە بەکۆمەڵانەی لە دانوستانە بەکۆمەڵەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە بکەن و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و خاوەنکاران و دەزگاکانی پشکنینی کاردا بەشداری بکەن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، وێڕای باشترکردنی هەلومەرج و دۆخی کار لە ڕێی دانیشتن لەگەڵ خاوەنکاران و ڕێکخراوەکانیاندا.

بێگومان بوونی ڕێکخستنی سەندیکایی سەربەخۆ و کارا و بەربڵاو لە کەرتەکانی کاردا و بە شێوەیەکی دیموکراسیانە نوێنەرایەتی کرێکاران بکات، بەشدارە لە چەسپاندنی پایەکانی کاری شیاودا لە ڕێگەی دانیشتنی بەکۆمەڵەوە لەگەڵ خاوەنکاراندا لە ئاستی پێگە و کەرتەکانی کاردا، هەروەها کەناڵێکی فەرمی بۆ کرێکاران بەردەست دەکات بۆ بەرگریکردن لە ماف و هەڵوێستەکانیان لە پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیاندا بەئاشکرا و بە شێوازێکی دیموکراسی. کرێکارانیش دەتوانن لە دەربڕینی هەڵوێستیاندا بەرانبەر بە سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و دۆخی خۆیان لە کاردا بە تایبەت، ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن.

توێژینەوەکە دەریدەخات کە ٢.٢٧% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە سەر بە یەکێتییەکان و سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکانن وەک چەند تاکێکی نارێکخراو لە ڕووی سەندیکاییەوە لە شوێنی کارەکەدان. هەروەها ٩٤.٧١% سەر بە هیچ سەندیکایەکی کرێکاری و پیشەیی نین، تێیاندایە ٢.٨% هەر نازانن سەندیکا چییە، هەروەها ٠.٩٤ % ڕەتیان کردەوە سەرنج لەسەر ئەم بابەتە بدەن.




**خشتەی ژمارە ٣ ئەندامێتی سەندیکا لە شوێنەکانی کارکردن**

کرێکاران هەوڵ دەدەن لە ڕووی سەندیکاییەوە لە شوێنی کارەکانیان خۆیان ڕێک بخەن بە شێوەی پێکهێنانی کۆمەڵەی کرێکاری، بە شێوەیەک ٩.٧%ی کرێکاران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان لە بەردەم خاوەنکاراندا نوێنەرن وەک کۆمەڵەی کرێکاریی ناسەندیکایی، لە کاتێکدا بڕێک لە کرێکاران هەوڵ دەدەن لە شوێنی کارەکانیان لێژنەی سەندیکایی پێک بهێنن یان پەیوەندیی پێوە بکەن، بەڵام ڕووبەڕووی گرفتی گەورە دەبنەوە، بۆ وێنە خاوەنکاران گوشاریان لە ٥ لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ٠.٤٧% کردووە کە

پێوەندی بە سەندیکاوە نەکەن، سێ کەسیشیان بەم بۆنەیەوە لە لایەن خاوەنکارانەوە گێچەڵیان پێ گێڕدراوە. ١.٤% لە کرێکاران ڕەتیان کردەوە لەم بارەوە بۆچوونی خۆیان دەربڕن، لە کاتێکدا ٩١.٤١% لە کرێکاران لەلایەن خاوەنکارانەوە تووشی هیچ گوشارێک نەبوونەتەوە بۆ ڕێگریکردن لە ڕێکخستنی سەندیکایی، لە کاتێکدا ٧.٨% لە کرێکاران ئاماژەیان بەوە کرد کە نازانن ئاخۆ خاوەنکاران ڕێگرییان لێ دەکەن یاخود نا بۆ چوونەپاڵی سەندیکا.

بێگومان ڕێگریکردن لە چەند کرێکارێک بۆ پێکهێنان یان پێوەندیکردن بە سەندیکاوە، بە سەرپێچیکردنی ئازادییە بنەڕەتییە سەندیکاییەکان دەژمێردرێت کە یاسای کار ئەو مافەی دەستەبەر کردووە، چونکە ڕێگەی داوە بۆ پاراستنی کرێکاران ئەو مافەی خۆیان پەیڕەو بکەن، ئەمە سەرەڕای بوونی یەک لە چوار پێوەرە سەرەکییەکەی کار لە پاڵ مافی دانوستانی بەکۆمەڵدا، (مادەی ٤٢ یەکەم-ک) لە یاسای کاری عێراق ماف و ئازادیی بە کرێکار بەخشیوە سەندیکا پێک بهێنێت یان پێوەندیی پێوە بکات.

ویستی خاوەنکاران بۆ ڕێزگرتن لە ئازادیی سەندیکایی کە بەپێی یاسا مافی کرێکارانیانە زۆر جار گوێ بۆ ئەزموون گرتن نادات، بە شێوەیەک کرێکاران مافەکانیان نازانن و گوێ بە سەندیکا و دانوستانە بەکۆمەڵەکان نادەن. زۆرینە ڕەتی دەکەنەوە پێوەندیی بە سەندیکاکانەوە بکەن، بە شێوەیەک ٦٤.٣%ی کرێکارانی نێر و مێ لە نموونەی توێژینەوەکە ڕای خۆیان لەم بارەوە خستە ڕوو، ٥٣.٧٧% ئاماژەیان بەوە کرد کە زانیارییان نییە دەربارەی مافیان لە دانوستاندا و نوێنەرایەتیی سەندیکایی کە لە دەقی یاسای کار و یاسای ڕێکخستنی سەندیکاییدا هاتوون، هەروەها ٤٣.٢٦% لە کرێکاران جەختیان لەوە کردەوە کە لەو یەکێتی و سەندیکایانەوە لە پارێزگاکانیاندا دامەزراون هیچ دەستپێشخەرییەک نەبووە بۆ ڕێکخستنی کرێکاران لەو شوێنانەدا لە ڕووی سەندیکاییەوە، ١٩.٢٣% پێیان وایە بوونی سەندیکا هیچ سوودێکی نییە، لە کاتێکدا ١٦.٦% لە کرێکاران ترسی خۆیان لەو لێپێچینەوانە دەربڕی کە هەندێک جار خاوەنکاران دژ بە ئەندامانی سەندیکا دەیانگرنەبەر، ١٣% پێشبینی دەکەن هەر هەنگاوێک بۆ پێوەندیکردن بە سەندیکاوە یان پێکهێنانی لە شوێنی کاردا لەلایەن خاوەنکارەوە ڕەت دەکرێتەوە، هەندێکی تریشیان ئاماژەیان بەوە کرد کە نازانن هۆکاری سەرەکیی ڕێگریکردنیان چییە.

سەبارەت بە دانوستانی بەکۆمەڵ ٤.٦% لە کرێکاران ئاماژەیان بەوە کرد کە لەگەڵ خاوەنکار و سەرپەرشیکاراندا دانیشتنیان کردووە بۆ باشترکردنی هەلومەرج و دۆخی کار، بە شێوەیەک ٢٣.٢٥% ی ئەم کرێکارانە سەرکەوتوو بوون لەوەی لە ڕێگەی ئەو دانیشتنانەوە کرێکانیان زیاد بکەن و جۆری ئەو خواردنانەی پیشکەشیان دەکرێت باشتر بکەن، ئەوانی تر گوتیان ڕێککەوتنی زارەکی بۆ کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن و زیادکردنی کرێکانیان کراوە بەڵام لەلایەن خاوەنکارەوە جێبەجێ نەکراوە، زۆرینەی کرێکارانی ئەم نموونەیە جەختیان لەوە کردەوە کە ئەو دانوستانانەی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن کردوویانە سەرکەوتوو نەبوونە.

**"سەندیکای کرێکاران سەردانی شوێنی کارەکەی کرد و نەیانهێشت چاومان پێیان بکەوێت"**

## پێنجەم: سەلامەتی و تەندرووستیی پیشەیی

٥٧.٨٨% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوونیان کردەوە کە لەلایەن خاوەنکارانەوە بە وردی لە مەترسیی کارەکە و ئامرازەکانی خۆپاراستن ئاگادار نەکراونەتەوە، وەک ئەوەی لە دەقی یاسای کاردا مادەی ١١٧ هاتووە، لە کاتێکدا ٤٠.٧% ڕوونیان کردەوە کە ئاگادار کراونەتەوە، ١.٤٢% ڕەتیان کردەوە باس لەم بابەتە بکەن، کۆکەرەوانی داتاکان لە سەردانەکانیاندا بۆ شوێنکارەکان تێبینییان کرد کە سیاسەتی سەلامەتی و تەندرووستی پیشەیی بەپێی دەقی یاسای کار بوونیان نییە.

**١-٥ بەرپرسیاریی سەلامەتیی پیشەیی لە شوێنکارەکان:** تایبەت بە بوونی بەرپرسی سەلامەتیی پیشەیی لەو شوێنکارانەی کەمتر لە ١٠٠ کرێکاریان هەیە، ٤٥.٣٤% لە کرێکاران ڕایانگەیاند کە بەرپرسی سەلامەتی لە شوێنی کارەکەدا نییە، ١٦.٦٨% گوتیان زانیاریمان نییە ئاخۆ بەرپرسی سەلامەتی هەیە یاخود نا، بەڵام ٣٧.٥٥% ئاماژەیان بە بوونی بەرپرسی سەلامەتی کرد، ٠.٤١% ڕەتیان کردەوە لەم بارەوە کۆمێنت بدەن.

٣٩.٨٧% لە کرێکاری ئەو پرۆژانەی زیاتر لە ١٠٠ کرێکاریان هەیە جەختیان لە نەبوونی لێژنەی سەلامەتیی پیشەیی لە شوێنی کارەکانیان کردەوە، ٢١.٥% گوتیان زانیاریمان نییە ئاخۆ لێژنەی سەلامەتی هەیە یاخود نا، ٣٨.٣١% جەختیان لە بوونی ئەو لێژنانە کردەوە، یەک کرێکاریش ڕەتی کردەوە کۆمێنت بدات.

٣٩% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەوە کردەوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی و خاوەنکارانەوە هیچ ڕێنماییەک تایبەت بە خۆپارێزی نییە، ١٣.٣% گوتیان زانیاریمان لەسەر ئەم بابەتە نییە، ٠.٢٨% ڕەتیان کردەوە هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارە بدەنەوە، لە کاتێکدا ٤٧.٦٩% لەبارەی ئەو ڕێنماییانەوە ڕوونکردنەوەیان دا.

**٢-٥ بەخشینی کەرەستەکانی خۆپارێزیی تاکەکەسی بە کرێکاران:** ٤٣.٧٢% ی کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە گوتیان لەلایەن خاوەنکارەوە کەرەستەکانی خۆپارێزییان پێنەدراوە، بەڵام ٥٤.٣% پێیان دراوە، ١.٩٨% ڕەتیان کردەوە قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

**٣-٥ ڕاهێنان لەسەر بابەتەکانی مەترسی و کۆنترۆڵکردنی:** ٧٢.٦٢% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە گوتیان دەربارەی مەترسییەکانی پیشە و شێوازی کۆنترۆڵکردنی لە شوێنی کارەکانیان هیچ ڕاهێنان و ڕێنماییەکیان پێ نەگەیشتووە، ١٠.٤٧% ئاماژەیان بەوە کرد زانیارییان لەسەر ئەم بابەت نییە، ٠.٣٨% ڕەتیان کردەوە وەڵام بدەنەوە، لە کاتێکدا ١٦.٢٤% جەختیان لەوە کردەوە کە ڕاهێنانیان پێ کراوە.

**٤-٥ ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی کرێکاران دەربارەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەلامەتیی پیشەیی:** ٨٥.٩٣% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەوە کردەوە کە دەربارەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەلامەتیی پیشەیی لە شوێنی کارەکانیان هیچ ڕاهێنان و ڕێنماییەکیان پێ نەگەیشتووە، ٠.٤٧% گوتیان زانیاریمان لەسەر ڕاهێنان و ڕێنمایی لەم بارەوە نییە، ٠.٤٧% ڕەتیان کردەوە لەم بارەوە کۆمێنت بدەن، بەڵام ١٣.١٣% جەختیان لەوە کردەوە کە ڕاهێنانیان پێ کراوە.

**٥-٥ دابینکردنی پێداویستییەکانی فریاکەتنی سەرەتایی لە شوێنی کارەکان:** ٣١.٢٦% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەوە کردەوە کە پێداویستییەکانی فریاکەتنی سەرەتایی لە شوێنی کارەکانیان بەردەست نین، ١١.٧١% زانیارییان لەم بارەوە نییە، ٠.١٩% ڕەتیان کردەوە لەم بارەوە کۆمێنت بدەن، بەڵام ٥٥.٨٥% جەختیان لە بوونی ئەو پێداویستییانە کردەوە.

**٦-٥ بوونی ئامرازەکانی ئاگرکوژێنەوە لە شوێنەکانی کار:** ٣٠.٨٨% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لە نەبوونی ئامرازەکانی ئاگرکوژێنەوە لە شوێنەکانی کار کردەوە، ١٥.٢% زانیارییان نییە ئاخۆ ئامرازەکانی ئاگرکوژێنەوە هەن یان نا، ٥٣.٨٢% جەختیان لە بوونی ئەو ئامرازانە لە شوێنی کارەکانیان کردەوە.

**٧-٥ هەڵواسینی ڕێنمایی تایبەت بە مەترسییەکانی پیشە لە شوێنی کارەکان:** ٦٢.١٣% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەوە کردەوە کە ڕێسای تایبەت بە مەترسییەکانی پیشە لە جێگەیەکی دیاری شوێنی کارەکانیان هەڵنەواسراوە کە مەترسییەکانی پیشەکە و ئامرازەکانی خۆپارێزی ڕوون بکاتەوە، لە کاتێکدا ١١.٩% زانیارییان لەم بارەوە نییە، ٠.٢٨% ڕەتیان کردەوە لەم بارەوە کۆمێنت بدەن، ٢٥.٦٨% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لە بوونی ئەو ڕیسایانە لە شوێنی کارەکانیان کردەوە. یەک لە کۆکەرەوانی داتاکان لە ماوەی سەردانێکدا بۆ شوێنێکی کار لە ڕێگەی پارچە ڤیدۆیەکەوە دڵنیای کردەوە کە ئەسکەلەکان نیشانەی سەوزیان پێوە نییە بۆ دڵنیابوونەوە لە تاقیکردنەوەیان و بە سەلامەت ژماردنیان لە لایەن بەرپرسی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەییەوە.

٨-٥ پشکنینی پزیشکیی سەرەتایی و بەشێوەیەکی (دەوری) بۆ کرێکاران: ٨٧.٩١% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەوە کردەوە کە هیچ پشکنینێکی پزیشکیی سەرەتایی و خولیان بۆ نەکراوە بۆ زانینی باری تەندرووستییان و گونجاوییان لە ڕووی عەقڵی و جەستەییەوە بۆ ئەو کارانەی پێیان سپێردراون، ١٠.٤٨% زانیارییان نییە ئاخۆ پشکنینی پزیشکی هەیە یان نا چونکە نەیگرتوونەتەوە، بەمەیش ٩٨.٣٩% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە پشکنینی پزیشکییان بۆ نەکراوە، ٠.٣٨% ڕەتیان کردەوە لەم بارەوە کۆمێنت بدەن، ١.٢٣% خەتیان لەوە کردەوە کە پشکنینی پزیشکیی سەرەتایی یان خولییان بۆ کراوە، ٨٤.٦١% لەم دەستەیە تێچووی پشکنینیان لەسەر خاوەنکار بووە، لە کاتێکدا ١٥.٣٨% لەسەر حسابی خۆیان پشکنینیان بۆ کراوە. بێگومان پابەندنەبوون بە سیاسەت و داخوازییەکانی سەلامەتی و تەندرووستیی پیشەییەوە وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا بە سەرپێچیکردنی بڕیارەکانی بەشی سیازدەی تایبەت بە سەلامەتی و تەندرووستیی پیشەیی لە یاسای کاردا و، ڕێنماییەکانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦ کە بەپێی یاساکە دەرچوونە و تایبەتن بە داخوازییەکانی تەندرووستی و سەلامەتیی پیشەیی، دەژمێردرێت.

## شەشەم: بیمەی کۆمەڵایەتی

بەپێی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیی ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١ سەرجەم کرێکاران دەستەبەری یان بیمەی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە و، یاساکە ئەو بەرپرسیارێتییە دەخاتە سەر خاوەنکار، بە شێوەیەک بیمە بەزۆرە نەک بە ویست. بە گەڕانەوە بۆ دەرئەنجامەکان ٨٨.١% لە کرێکارانی نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن خاوەنکارانەوە نەخراونەتە بەر بیمەی کۆمەڵایەتی، ٩.٤٤% دڵنیا نین کە بیمەیان بۆ کراوە یان نا، ٠.٣٨ ڕەتیان کردەوە لەسەر ئەم بابەتە بدوێن، لە کاتێکدا ٢.٨ ئاماژەیان بەوە کرد کە بیمەیان بۆ کراوە. بە پشکنینی نموونەکانی خاوەن بیمە دەردەکەوێت کە ١٨.١٨%یان بەڵگەی سەلمێنەریان وەک کارتی بیمە و ژمارەی تۆمار هەیە، ئەوانی تریان گوتیان بەڵگەمان نییە، ئەمەیش واتە ڕێژەی ٨٨.١% لە کرێکاران بیمە نەیگرتوونەتەوە، بەتایبەت ئەو کرێکارانەی گوتیان بیمەیان هەیە گەڕانەوە و گوتیان هیچ لێبڕینێک لە مووچەکانیان نییە وەک لە دەقی یاساکەدا هاتووە (٥% مانگانە)، تەنیا کرێکارێک نەبێت کە ئەو ڕێژەیە لە کرێی مانگانەکەی دەبڕدرێت، ئەمەیش مەترسیی ئەوە زیاتر دەکات کە زۆربەی زۆری کرێکاران بیمەی کۆمەڵایەتی نەیگرتوونەتەوە و سەرپێچییەکی گەورەی بڕیارەکانی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیی کرێکاران دەکرێت.

لە توێژینەوەی هۆکارەکانی نەگرتنەوەی بیمەدا ٦٥.٢٥% لە کرێکاران زانیارییان لەسەر بیمەی کۆمەڵایەتی و یاسایەک بۆ ڕێکخستنی نییە، ٨.٩٧% جەختیان لەوە کردەوە کە هەرچەند کرێکاران داوای ئەوە بکەن خاوەنکاران ڕەتی دەکەنەوە، ٧.٦٥% ئاماژەیان بەوە کرد کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لایەنی چاودێریکار و سەردانەکانی پشکنین کە خاوەنکار ناچار بەم کارە بکەن، لە کاتێکدا ٥.١٩% بیمەیان ڕەت کردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە کرێکانیان نەبڕدرێت، ئەوانی تر وەک هەرزەکاران ئاماژەیان بەوە کرد کە لەبەر بچوکی تەمەنیان بیمەی کۆمەڵایەتی نەیگرتوونەتەوە، چونکە تەمەن ١٨ ساڵ و زیاتر دەگرێتەوە، چەند کرێکارێکی تر گوتیان بیمەی سیستەمێکی تریان هەیە لە سەندیکای ئەندازیاران، یەک لەوانە پێشتر سەرباز بووە و لە پیشەی حکوومی خانەنشین کراوە، یەکێکی تر لە کرێکاران گوتی بە هۆی ئەوەی کارەکەی کاتییە بیمەی بۆ نەکراوە.



## ئەنجامگیری: conclusion

پاشەکشە لە کوالێتی یاساکانی کار و سەندیکاییەکاندا لە عێراق لە ماوەی نێوان دەرچوونی یاسای پێشووی کار ١٩٨٧ تا دەرچوونی یاسای کار لە ٢٠١٥، بە شێوەیەکی گەورە لە دیارنەمانی مافە بنەڕەتییەکانی کار و ڕۆشنبیریی کرێکاری و سەندیکاییدا بۆ چەند نەوەیەك، بەشدار بوو. بە شێوەیەک کرێکارانی لە مافی خۆیان لە ڕێکخستنی سەندیکایی بەتایبەت لە کەرتی گشتیدا بێبەش کرد و، نەیهێشت مافی دانوستان و مانگرتن و بەرگیریکردن لە مافە ڕەواکانیان لە کاردا پەیڕەو بکەن، ئەمەیش بووە هۆی بێمتمانەیی کرێکاران بەرانبەر بە قازانجی یاساکانی کار، لەبەر لاوازیی ناوەڕۆکیان، بڕێک جاریش کرێکاران هەر زانیارییان دەربارەی بوونی یاسای کار نییە.

هەموو ئەمانە لەسەر دۆخی کرێکاران ڕەنگی دایەوە تەنانەت لە سێبەری بوونی یاسای کاریشدا، گەرچی لە ڕووی دەقە یاساییەکانەوە شتێکی باشە، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە زۆر لاوازە، توێژینەوەکە ئاشکرای کرد کە لە شوێنکارە جیاوازەکاندا پابەندبوون بە یاساوە لە ئاستێکی نزمدایە و، کرێکاران زانیارییان دەربارەی مافەکانیان کە لە یاساکەدا هاتوون نییە، هەندێک جاریش خاوەنکاران، بەتایبەت لە کۆمپانیا بچووک و لاوەکییەکاندا، شارەزای پابەندییە یاساییەکانیان بەرانبەر بە کرێکاران نین، ئەمەیش جێبەجێکردنی یاساکەی لە بازنەیەکی فراوان و کارادا سەختتر کردووە، بەتایبەت لە گێژاوی گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکاندا لە ناوچە ئازادکراوەکان و، کەمیی سامانە مرۆیی و لۆجیستییەکانی تیمەکانی پشکنینی کار، هەروەها سەندیکای کرێکاران تا ئێستا توانا یاخود بنکەیەکی ئەندامیی نییە بۆ پەرەدان بە ستراتیژێکی نوێی ڕێکخستن، کە لەگەڵ دۆخ و پێداویستیی کرێکاران و بەدواداچوون بۆ هەلومەرجی کارەکەیاندا گونجاو بێت، سەرەڕای لاوازیی ڕاگەیاندنی کرێکاران لە عێراق و نەبوونی زانیاریی کرێکاران لەسەر ئەو کەرەستە یاساییانەی بەردەستیان بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا لە دەزگای پشکنینی کار یاخود سکاڵاکردن لە دادگەکانی کار.

سەرجەم ئەو گرفتانە دەخوازن کە هاوخەمانی کۆمەڵایەتی(یان کۆمەڵناسان) بە وردی لێیان بکۆڵنەوە و چارەسەری پێویستیان بۆ دابنێن و پشت بە شارەزایانی پسپۆر ببەسترێت بۆ دانانی ستراتیژێکی دوورمەودای کار بۆ چەسپاندنی هەلومەرجی شایستەی کار لە عێراق.

## ڕاسپاردەکان: Recommendations

### ١- ڕێکارە پێشنیارکراوەکانی حکوومەت:

- دەستکردن بە گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتی کە نوێنەرایەتیی دادگەرانەی کرێکاران لە داڕشتنی سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییە پەیوەستەکان مسۆگەر بکات و، پەرە بە یاسا تەشریعییەکانی بدات بۆ پاراستنی هەیکەلەکەی و دەستەبەربوونی.
- بە ڕاوێژکردن بە سەندیکای کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران، پێداچوونەوەیەکی وەرزی بە یاساکانی کرێکاریدا بکرێت و، تەباییان لەگەڵ دۆخی کرێکار و بازاڕی کاردا بەگشتی بپشکنرێت.
- دانانی سیستەمێک کە بکرێت لە ڕێگەیەوە ئەو خاوەنکارانەی بە شێوەیەکی چالاک و گشتگیر بە بڕیارەکانی یاسای کار و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیەوە پابەندن پاداشت بکرێن، وەک ئەوەی پاداشتەکان بە شێوەی قەرز یان ئاسانکاریی بانکی و باج یان هەر شێوەیەکی تر بن، کە هانی خاوەنکاران بدات بەو یاسایانەوە پابەند بن.
- زیادکردنی دەرماڵەی وەزارەتی کار لە بودجەی گشتیدا بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بازاڕی کار و، پەرەدان بە نووسینگەکانی کار و بەکارخستنی گشتی و، فراوانکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی، تاکو بتوانێت لە ڕێکخستن و چاودێریکردنی پرۆسەی بەکارخستندا بەپێی داخوازییەکانی یاسای کار بەشدار بێت و دەرکردنی کارتی کار بۆ کرێکاران بەخۆڕایی وەک لە دەق مادەی ١٧٠ی یاسای کاردا هاتووە.
- هەستانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە پێی بڕیارەکانی یاسای کار دەربارەی مەرجەکانی کار لە گرێبەستە گشتییەکانی کاردا، وەک لە دەق ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتیی کاردا ژمارە ٩٤ی ساڵی ١٩٤٩ هاتووە و لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە لە ڕووی یاساییەوەددانی پێدا نراوە.
- هەستانی هەموو وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە وەزارەتێکەوە نییە بە دانانی پێوەری پابەندبوون بە یاساکانی کارەوە وەک بەشێکی سەرەکی لە کاتی هەر پێدانێکدا یان وەرگرتنی هەر خستنەڕوویەکی وەبەرهێنانیدا، یان هەر گرێبەستێکی کار یان بەڵێندەرایەتی بە هەر کەس و لایەنێک کە کارێک بۆ لایەنێکی حکوومی ڕاپەڕێنێت یان ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژانە بە وەزارەتی کار پێش دەستپێکردنیان، تاکو وەزارەت بتوانێت بیانخاتە ناو پلانی پشکنینەوە.

### ٢- پەرەدان بە دەزگای پشکنینی کار:

- پەرەدان بە دەزگاکانی پشکنینی کار بۆ جێبەجێکردنێکی کارای یاساکانی کار شتێکی پێویستە، بە سامانی مرۆیی و دارایی پێویستیشەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت دەسەڵاتێکی فراوانتر بە دەزگای پشکنینی کار بدرێت کە لە دەسەڵاتی بەشێک زیاتر بێت و لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی یان دەستەیەکی دیاریکراودا بێت، ئەویش تایبەت بە پشکنینی کار و سەلامەتیی پیشەیی و بیمەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەیەکی بەردەوام و تێروپڕ بۆ دامەزراندنی پشکنەرانی کار بە ژمارەیەک لەگەڵ ڕێژەی پەرەسەندنی هێزی کاردا گونجاو بێت، ڕەنگە هەموارکردنەوەیەکی یاسایی لە تەرخانکردنی ڕێژەیەکدا لە ٥٠٪ کەمتر نەبێت لە بڕی ئەو بژاردن (غرامة)یەی لە یاسای کار و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیدا دیاری کراوە، بۆ دەزگای پشکنینی کار، ئەنجامێکی ئەرێنیی لە ڕووی بڕ و چۆنێتییەوە بۆ پرۆسەی پشکنین هەبێت.

- کردنەوەی خولی ڕاهێنانی وەرزیی بەردەوام بۆ پشکنەرانی کار و پێگەیاندنی پشکنەری شارەزا لەناو دەزگای پشکنینی کاردا، بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی پشکنەران و پەرەدان بە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە کرێکار.

- پەرەدان بە فۆرمی پشکنین و نوێکردنەوەی بە شێوەیەکی وەرزی تاکو لەگەڵ بەندەکانی یاسای کار و یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی و هەر یاسایەکی تردا کە پەیوەندیی بە کرێکارەوە هەبێت گونجاو بێت، وەک یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، هەروەها مەشقکردن بە پشکنەران لەسەر ڕێگەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە پێشکەوتووەکانی پشکنین.

- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پرۆسەکانی پشکنیندا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری پێشاندان و پرۆگرامە ئەلیکترۆنییەکانەوە، لە کاتی سەردانەکانی پشکنیندا و لێکۆڵینەوە لە پابەندبوون بە یاساکانی کار و، پەیوەستکردنی ئەو پرۆسانە بەیەکەوە، بۆ ناردنی ڕاستەوخۆی ئەو ڕاپۆرتانەی پشکنین بۆ وەزارەت، تاکو لێپێچینەوەی پێویست بکرێت.

- گرنگیدان بە سەرژمێریی کرێکاران، بەتایبەت ئەوانەی بە پێشێلکاری و زیانبەرکەوتنەوە پەیوەستن، هەروەها هەڵسەنگاندنێکی

سالآنە بۆ ئەو پێشێلکارییانە بکرێت و ڕێکاری پێویست بۆ ڕێگریلێکردنیان بگیرێتەبەر.

- گرنگیدانی پێویست بە جێبەجێکردنی یاسای کار بەرەچاوکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیی کرێکاران.

- هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی تایبەتن بە پرسی کار و کرێکارانەوە و دەزگاکانی پشکنین لە دەوڵەتانی تر بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون و بەهێزکردنی هاوکاریی لەم بوارەدا.

## ٣- سەندیکاکانی کرێکاری:

بوونی نوێنەرایەتییەکی کارا و فراوانی سەندیکایی بۆ کرێکاران بە یەکێک لە پایە هەرە گرنگەکانی مسۆگەرکردنی دابینبوونی هەلومەرج و دۆخی شایستەی کار دادەنرێت، بۆیە دەبێت سەندیکاکان هەوڵ بدەن بۆ:

- پەرەدان بە ستراتیژەکانی ڕێکخستنی سەندیکای کرێکاران، بۆ مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتیی کرێکاران لە سەرجەم پیشە و شوێنەکانی کاردا، ئەمەیش تەنیا لە پێوەندیی کرێکاراندا بە سەندیکاوە کورت هەڵنەیەت، هەروەها دابینکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵیاندا و ڕەخساندنی بوار بۆیان بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی سەندیکادا و دەرکردنی بڕیار تێیاندا.

- دانانی بەرنامە بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران بەرانبەر بە مافەکانیان لە کاردا و ڕۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران لەم بوارەدا.

- ڕاهێنانی دەستەیەک لە کرێکاران لە سەرجەم شوێنەکان کە ببنە تیمێکی شارەزا بۆ چاودێریکردنی پێشێلکارییەکان و سەلماندنیان و پیشکەشکردنیان بە سەندیکا، تاکو بە هاوکاریی دەزگای پشکنینی کار ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر.

- پێکهێنانی یەکەیەك ی یاسایی لە یەکێتی و سەندیکاکاندا، کە کاریان پێدانی بەرچاوڕوونی بێت بە کرێکاران و سەندیکاکاران سەبارەت بە مافەکانیان لە کاردا.

- پەرەدان بە بەهرە و ئامرازەکانی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنی سەندیکاکانی کرێکاران بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی لەم بوارەدا هاتووەتە کایەوە، لە پێناو ناساندنی کرێکاران و کۆمەڵگە بە مافەکانی کاردا و، زەقکردنەوەی ئەو بابەتانە وەک دۆزی گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە بوارەکانی تری ڕاگەیاندن کەمتر نین، هەروەها بەشداریکردن لە گەیاندنی دەنگی کرێکاران و داواکارییەکانیاندا بە کۆمەڵگە و بڕیاربەدەستان.

## ٤. خاوەنکاران و ڕێکخراوەکانیان:

- هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی کار و سەندیکاکانی کاردا لە هەر شتێکدا پەیوەست بێت بە جێبەجێکردنی یاسای کارەوە.

- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری دەربارەی ژمارەی کرێکاران و دۆخی کارەکەیان بەرووبی لەگەڵ سەندیکاکانی کار و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیدا.

- هۆشیارکردنەوەی خاوەنکاران دەربارەی پابەندییە یاساییەکانیان و سزای پابەندنەبوونیان و قازانجەکانی پابەندبوون، وەک ڕەخساندنی هەلی دادگەرانە بۆ سەرجەم کۆمپانیاکان لە عێراق و ڕاکێشانی کرێکارانی بەبەهرە و هێشتنەوەیان، کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچوونەکانی کار..هتد.

- بەشداریکردنی زانیاری بەرووبی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و سەندیکاکاندا دەربارەی ژمارەی کرێکاران و هەلومەرجی کاریان.

- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سالآنە بە فەرمانگەی کار و ڕاهێنانی پیشەیی دەربارەی هەلومەرجی کار، دەرخستنی سەرکەوتنەکان و ئەو گرفتانەی دێنە ڕێی جێبەجێکردنی یاساکە.

## ٥- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

سەرباری پێشکەوتنی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بڵاوبوونەوەی فراوانیان لە عێراق، کەچی کەمیان گرنگی بە کێشەکانی کار و کرێکاران دەدەن، بە مەرجێک توێژی کرێکاران لە توێژە هەرە زیانمەندەکانی کۆمەڵگەن، بۆ ڕێخۆشکردن بۆ ڕۆڵێکی گەورەتر لەم بوارەدا هانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەدرێت بۆ ئەمانەی خوارەوە:

- هەماهەنگیی بەردەوام لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاراندا و دامەزراندنی هاوبەشیی دوورمەودای ستراتیژی دەربارەی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کە جێی بایەخی هەردوولان.

- گرنگیدان بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و کێشەی کار و کرێکاران بەتایبەت لەو پرۆژانەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیان هەڵدەستن.

- هەستان بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەربارەی مافەکانی کار و مافی ڕێکخستنی سەندیکایی.